د. جەبار قادر

# ناعەتلانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا

وەرگێڕانی

**سەباح ئیسماعیل**

کەرکووک - 2005

د.جەبار قادر

# ناعەقڵانییەت
# لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا

وەرگێڕانی

**سەباح ئیسماعیل**

* ناعەقڵانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا
* نووسینی: د.جەبار قادر
* وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل
* تایپ: زەینەب جوبرائیل - رزگار ساڵح جوبرائیل
* دەرهێنانی هونەری و بەرگ: کاردۆ کەرکووکی
* سەرپەرشتی چاپ: حەمە سەعید زەنگنە
* تیراژ: «٥٠٠» دانە
* چاپی یەکەم - ٢٠٠٥
* چاپخانەی ئارابخا

د. جەبار قادر

# ناعەتلانییەت لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا

وەرگێرانی

سەباح ئیسماعیل

کەرکووک - 2005

دەبێ هەر لە دەستپێکەوە ئەو جیاوازییەمان لەبەر چاو بێت، کە تورکمان و مافە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی ئەوان بەیەکسانی لەگەڵ خەڵکانی دی عێراق شتێکەو لەگەڵ گردبوونەوەیەکی سیاسی کە ناوی جەبهەی تورکمانیی لە خۆ ناوە، دروشمگەلێکی بەرز کردۆتەوە، کە دەکرێ لە سادەترین پێناسەدا بە ناواقعی لەقەڵەم بدرێن و بەر لە خەڵکی دی زیان بە تورکمان بگەیەنن، شتێکی دییە. جەبهە دەیەوێ هەوڵ و توانای سنوورداری لە پێناو بەرپاکردنی دووبەرەکی نەتەوایەتی و مەزهەبی بەگەڕ بخاو هەوڵی تێکدانی ئارامی و ئاسایش لە پارێزگای کەرکووک دەدات. دروشمەکانی جەبهە و بۆچوونە سیاسییەکانی لایەنگیریی راستەقینەی ئاشکرا دەکەن، کە دەچێتە خانەی ئەو رێکخستن و گرووپانەی لە مێژە کاتیان بەسەرچووە. لەسەردەمی کرانەوەو فرەیی سیاسی و بنەمای دانانان بەوانی دیدا، جەبهە ئیدیعای نوێنەرایەتیی سەرجەم تورکمانی عێراق دەکات،ئەم کارە لە هیچ شوێنێکی جیهانی هاوچەرخدا قبووڵ ناکرێت.

هەرگیز گردبوونەوەی ژمارەیەکی کەم لە گرووپی بچووکی نەتەوەیی لە نێو جەبهەدا مۆرکی نوێنەرایەتیی هەموو تورکمانی پێ نابەخشێت، چونکە گەلێ توێژو رەوتی دیموکرات و لیبراڵ و ئایینی وتەنانەت مەزهەبیی تورکمان لە دەرەوەی جەبهەدا هەن، چەمک و سیاسەتی ئەوتۆیان گرتووەتە بەر، بە تەواوی لەگەڵ ئەوی جەبهە بانگەشەی بۆ دەکات ناکۆکن. لێ لەبەر ئەوەی جەبهە بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە لەلایەن دەزگاسیخوڕییەکانی تورکیاوە دروست کراوە، بۆیە هەرگیز ناتوانێ باوەڕ بەوە بکات، کە پارت و بزاڤی تورکمانی هەن بەدەست پێشخەریی ئازادانەی کەسایەتی یا هێزی سیاسی تورکمانی پەیدا بن، بەدوور لە دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە یا حزبی عێراقیی خاوەن تواناو دارایی. من لێرەدا مەبەستم نییە داکۆکی لە هیچ

ڕێکخستنێک یا بزووتنەوەیەک بکەم، چ تورکمانی بێت یا کوردی.

بەپێی هەموو ئەمانە جەبهە لە هەوڵ دایە هەر ڕەخنەیەک ئاراستەی ئەو و سیاسەت و دروشمەکانی بکرێت، وای وێنا بکات، کە دژ بە تورکمان و مافەڕەواکانییەتی. ئەزموونی گەلان درۆی تاکە حزب و تاکە سەرکردەو تاکە نوێنەری شەرعیی خەڵک و گەلێ چەمکی دیکەی وەلاناوە، کە دەمێکە کاتیان بەسەرچووە.

لەم دنیا هەمەڕەنگەدا بزووتنەوەیەکی سیاسی نییە بتوانێ لافی نوێنەرایەتیی تەنیا کۆمەڵێکی بچووکی مرۆڤ بکات. هەر چەند ئەو بزووتنەوەیە ڕەوایی سیاسی و نەتەوەیی و مێژووی دوورو درێژی خەباتیشی هەبێت، ئەمانە شتگەلێکن لە هەموو ئاستەکاندا جەبهەی تورکمانی تێیاندا هەژارو دەست کورتە، لە ئاکامی ئەو شێوازە نادروستەی هاتنەدنیای جەبهەوە لەسەر دەستی مامانەکانی دەزگای سیخوڕیی تورکیا (میللی ئیستیخبارات تەشکیلاتی MIT).

بۆیە ئەو گردبوونەوەیە هەر لە بەرایی ڕۆژانی دامەزراندنییەوە پەیوەست نەبووە بە شێوازە باوو ناسراوەکانی کاری سیاسییەوە، بەڵکو بووە تۆڕێکی سیخوڕیی بۆ گەیاندنی زانیاریی پێویست دەربارەی ڕەوشی کوردستان و عێراق بەو دەزگایە، بەرابەر بە دەستکەوتی گەورەی دارایی، ئەمەش بووە ئەگەری دروست بوونی تۆڕێکی مافیا لە نێو جەبهە. لە ئاکامی ئەوەی بووە نمایندەیەکی فەرمی بۆ فرۆشتنی ڤیزەی چوونە نێو تورکیا بەو کەسانەی نیازی گەشت کردن یا چارەسەریان هەیە.

جەبهە ئامادەبوو لەبەرژەوەندیی موخابەراتی ڕژێمی سەدامدا کاری تێکدان لە کوردستان بکات. ڕایەڵی پیلانەکەی جەبهە و هاوکاری کردنی لەگەڵ موخابەراتی سەدام بۆ تێکدانی ڕەوش و ئارامی کوردستان، لە ئاشکرا بوونی ئەو تۆڕە تێکدەرەدا بەدەرکەوت، کە



بەرپرسی سەربازیی جەبهە لە هەولێر سەرکردایەتی دەکرد، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٢دا گیرا.

ئەم بەرپرسەی جەبهە و بەکرێ گیراوی موخابەراتە، لە هەمان کاتدا ئەندامی حزبی بەعس و ئەفسەری سوپای عێراقیش بوو، دانی بە هەموو وردەکارییەکانی پیلانەکەو دەست تێکەڵیی جەبهە لەگەڵ موخابەراتی ڕژێمدا نا، دژ بە حکوومەتی هەرێم لە کوردستانی عێراق.کاتێک جەبهە وەک خوویەکی هەمیشەیی خۆی ویستی مەسەلەکە گەورەبکاتەوەو وای پیشان بدات، کە سیاسەتێکی کوردییە و دژ بە بەرژەوەندی تورکمانە، کاسێتێکی ڤیدیۆی بۆ ئاغاکانی جەبهە لە میتی تورکیدا ڕەوانەکرد، قسەودانپێدانانەکانی تاوانباری تێدا بوو، تورکیا فەرمانی بە جەبهەدا بێدەنگیی لێ بکات. بۆ خۆ دوورخستنەوە لە ئابڕووچوونی گەورەتر. کە هەر خودی سەرۆکی پێشووی نەک کەسێکی دی لایەنی سەرەکی بووتێیدا. پاش ڕووخانی سەدام دەرکەوت سەرۆکی جەبهە، کەسمێڵەکەی چەشنی پاشایەکی عوسمانی بەردەدایەوە، پێوەندیی و دۆستایەتییەکی بەتینی لەگەڵ ڕژێم و موخابەراتەکەیدا هەبوو و لەگەڵ سەرانی ڕژێم و موخابەراتەکەیدا گەلێ نامەیان بۆ یەکدی ناردبوو (بۆ هەماهەنگیی هاوڕێیانەو خەباتی هاوبەش!) دژ بە بزاڤی کورد و دیاری کردنی کات و شوێنی دیدارەکان لە نێوان خۆی و پیاوانی موخابەراتی عێراقی لە هەردوو وێستگەی ئەنقەرەو لە کەنارەکانی بسفۆڕی ئەستەنبووڵ. تەواوی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیەکی کوردی بەشی هەموو ئەو نامەو ڕاپۆرتانەی نەکرد، کە سەرۆکی جەبهە بۆ ڕژێمی گۆڕی بە کۆمەڵ و دەزگاکانی موخابەراتی ناردبوون. بەوەی جەبهە لە هونەری داهێنان و پاساودا کارامەیە، بۆیە هەندێ لە نووسەرۆکەکانیان هەوڵیان دا پاساو بۆ کارە دزێوەکەی سەرکردەیان بهێننەوە. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە سەرۆکی جەبهە بە

پێناسەی فەرمی رژێمی سەدام (نصیر متقدم) بوو لە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی داو ئەندامی ئەنجوومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان بوو. وەک پەندە کوردییەکە دەڵێ عوزر لە قەباحەت خراپتربوو، ئەو نووسەرۆکانە دووپاتیان کردەوە، کە سەرۆکی جەبهە بە ئاگاداریی سەرکردایەتیی جەبهە و ئەندامانی بەم کارە هەڵساوە. ئەم قسەیەش زۆر بەسادەیی ئەوە دەگەیەنێ، کە جەبهەی تورکمانی هیچ گرفتێکی لەگەڵ رژێمی سەدامدا نەبووە، بەڵکو ئامانجی هاوبەش و تەنانەت (خەبات)ی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا هەبوو دژ بە بزاڤی رزگاریخوازی کورد. سەرکردەو لایەنگرانی جەبهە هەمیشە ئەوە دەڵێنەوە، کە تورکمان (بەم جۆرە دەیانەوێ تورکمان و جەبهە بە یەک دابنێن) بەدرێژایی مێژووی عێراقی نوێ دڵسۆزی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوون، کە چی ئەوانی دی (مەبەستیان کوردە) لێی یاخی بوون و ئەنجاش دەسکەوت بەدەست دەهێنن. ئەمەش دانپێدانانێکی ئاشکرایە، کە پیاوانی جەبهە هیچ شتێک دەربارەی ئەو خەباتە قارەمانەیە نازانن، کە رێکخستن و بزووتنەوە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان بەدرێژایی چل ساڵی رابردوو دژ بە دیکتاتۆرییەت کردوویانە، هەروەها ئەو قوربانییە مەزنەی ئەو بزووتنەوانە داویانە لەسەرووشیانەوە بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەرێی رزگارکردنی عێراق دژ بە درندایەتیی بەعس، لە کاتێکدا کە سەرانی جەبهە ئالای بەعسیان بەرزەکردەوە و بەهیمەتێکی گەورەشەوە بەشدارییان لە شالاوەکانی سەرکوتگەریی رژێمدا دەکرد.

خەڵکی دوورو نزیک دەزانن کە ئەوانەی جەبهەی تورکمانی پێیاندا هەڵدەڵێ هەر هەموویان لە تاوانەکانی ساڵی ١٩٦٣ی حەرەس قەومیدا لە پارێزگای کەرکووک بەشداربوون. هەروەها هەمووش ئەوە باش دەزانن کە سەرانی (یانەی برایەتیی تورکمان) یا زۆربەی



ئەندامانی لە سایەی دەسەڵاتی سەدامدا لە بەعسییەکان بوون، کەواتە هەرگیز جێی سەرسوڕمان نییە، کە جەبهەی تورکمانی لەدواین خۆپیشاندانەکانیدا داوای گەڕانەوەی رەوشی کەرکووک بکات بۆ بەر لە نۆی نیسان، کە رژێمی گۆڕی بە کۆمەڵ و زۆردارانی بەعسی دەسەڵاتیان لەدەستدا بوو، لە نێویشیاندا رێژەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی ئێستای جەبهەی تورکمانیان تێدا بوو.

جەبهە زۆر جار هەوڵ دەدات بازرگانی بە خوێنی شەهیدانی تورکمانەوە بکات، ئەو شەهیدانەی لە پێناوی بنەماو بەهای خەباتگێڕانەدا شەهید بوون و دوورونزیک پێوەندییان بە جەبهە و بانگەشەکانیانەوە نییە، گەواهیشیان بۆ ئەوە شالاوەکانی لە سێدارەدانە لە گوندەکانی بەشیرو یایچی و گەڕەکی تسن و هەروەها شارۆچکەی داقووق و پردێ و ئەو شوێنانەی تورکمانی شیعە لێی نیشتەجێن.

هەر چی ئەو کلۆلانەشە کە جەبهە بە کوشتی دان، ئەوانە لە ئاکامی چاوچنۆکی و خۆپەرستی و کورتبینیی بەرپرسانی جەبهە، یا بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ تورکیا لە بری سەرکردەکانیان گیانیان لە دەست دا. ئەو سەرکردانەی بەرابەر دەسکەوتی مادیی خۆیان، ویژدان و نیشتیمانیان بە بێگانە فرۆشت.

سەیر لەوەدایە ئەو جەبهەیەی بە شالاوەکانی هاوار و واوەیلێ ناسراوە، سەبارەت بە کەتنی هاوکاری کردنی لەگەڵ موخابەراتی سەدامدا، لەو بەیانەوە کە لە ناوەندەکانی ئەمنیی تورکیاوە فەرمانی بۆ هات، نقەی لە خۆی بڕی. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا ناچار بوو سەرۆکی پێشووی جەبهە لەسەر رەف دانێ، بە تایبەتی کە بەرەگەز کوردە و هەولێرییە و تورکیا پێویستی بە خزمەتی ئەو نەما، نەخوازەڵا رەوشی پاش نۆی نیسان و چڕبوونەوەی پلانەکانی تورکیا و غەیری تورکیاش

له کەرکووک، وای دەخواست کەسێکی دیکەی خەڵکی ئەو شارە بێنن. تا ئێستاش نازانین پلەی سەرکردە تازەکەی جەبهە لە حزبی بەعسدا چی بوو، وا پێ دەچێ بەعسییەکی ساغ بووبێت، ئەمەش لە میانی گوتنەوەی چەمک و زاراوەکانی بەعسەوە، کە بەچەشنێکی هەند سەرکەوتووانە بە کاریاندەبا، مایەی ئێرەیی پێ بردنە!!

جەبهەی تورکمانی هەر لە رۆژی دامەزراندنییەوە وا گوێش کراوە هەواڵ هەڵبەستێت و هەندێ لە نووسەرۆکەکانی بەناو و نازناوی جیاجیاوە دەنووسن، تەنانەت بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ناردنی یاداشت بە ناوی رێکخراو و کۆمەڵە و بزووتنەوەی وەهمیی (تورکمانی)یەوە، کە لە بنەڕەتدا بوونیان نییە.

لێدوانی بەرپرسان و لایەنگرانی جەبهە گرژەو سیمای قەبەکردنی شتەکانی بەخۆوە گرتووە و دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە جەبهە هێزێکی زەبەلاحی سیاسییە لە عێراقداو دەتوانێ بەزەبری هێز چارەسەر بەسەر لایەنە سیاسییەکانی دیدا بسەپێنێ. هەروەها زۆر بە گلەیین و بازرگانی بە هەموو شتێکەوە دەکەن، تەنانەت بە ماڵوێرانی خەڵکیشەوە، مردنی هاووڵاتییەکی تورکمان لە رووداوێکی لابەلادا، دەبێتە ئەگەری بۆنەیەک بۆ ئەوەی ئەوان باسی چەندین شالاوی تورکمان قڕان بکەن. رەنگە خۆشترین پەیڤ بەلای ئەوانەوە وشەی قەسابخانە بێت. لەوانەیە هەموو هەوڵە یەک لە دوای یەک و شکست خواردووەکانی ئەوانتان لە بیربێت، کە لە کاتی رزگارکردنی کەرکووکدا بە یارمەتی پەیامنێرانی کەناڵەکانی جەزیرە و ئەلعەرەبییە و ئەلعالم و کەناڵەکانی تورکیا خستیانە گەڕ، چەندین چیرۆک و ئەفسانەیان دەربارەی شالاو و قەسابخانەکانی دژ بە تورکمان هۆنییەوە.

وەکو دەڵێن پەتی درۆ کورتە و دەرکەوت هیچ شتێکی ئەوتۆ نەقەوما، هەموو مەسەلەکە ئەوە بوو تورکمانێکی بەعسی لە کاتی



داکۆکی کردنی لە بارەگای شوعبەیەکی حزبی بەعسدا کوژرا، هەروەک برایەکی کوژراوەکە لە شاشەی کەناڵە عەرەبی و تورکییەکانەوە رایگەیاند. بە درێژایی ساڵێک لە رووخانی رژێم بەدواوە، جەبهە لە هەوڵی ئەوەدا بووە و تا ئێستاش بەردەوامە، کە هەموو فرسەتێک بقۆزێتەوە بۆ ژەهراوی کردنی پێوەندیی نێوان خەڵک، وەلێ تا ئێستا نوشوستیی هێناوە و لە دوا رۆژیشدا هەر بەشی نوشوستیی دەبێت، چونکە دروشمەکانی لەگەڵ گیانی لێبوردەییدا نایەتەوەو نامۆن، ئەو لێبوردەیییەی بە درێژایی چەندین سەدە لەو شارەدا برەوی هەبووە، هەر کەسێکیش سەردانی شارەکەی کردبێت یاراگوزەری پێیدا تێپەڕبووبێت، ئەمەی دووپات کردۆتەوە، بەرابەر هەڵمەتەکانی هات و هاواری بەدرۆی جەبهە. کوشتنی دەیان کورد بە دەستی تیرۆریستان و تاوانکاران، کەمترین ئاستی سۆزی مرۆیی لە دەروونی بەرپرسانیدا ناورووژێنێ. بەڕاستی مرۆڤ لە ئاست وشک هەڵاتنی هەست و سۆزی ئەوانەدا تووشی سەرسووڕمان دێت، هەروەها زاڵبوونی بوغزو کینەی نەتەوەیی بەدواکەوتووترین شێوە بەسەر دەروونیاندا، بەم شێوە کرچ و کاڵە. سوپاس بۆ خوا ئەمانە توێژێکی زۆر بچووک و دابڕاوی تورکمانن، ئەو تورکمانانەی بە ئاشتییانە لەگەڵ کورد و نەتەوەکانی دیدا دەژین.

ئەوانەی لە کەرکووکەوە دێن دەربارەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی خەڵکەکە دەدوێن، بەپێچەوانەی هەوڵی وێناکردنی کەناڵەکانی هاندانی نەتەوەیی و تایفەگەری.

لەم رۆژانەدا لەو فرۆشگایەی کە من بەردەوام بازاڕیی لێ دەکەم، چاوم بەلاوێکی تورکمان کەوت، چاکو چۆنیم لەگەڵدا کردو لە بارەی دیارنەبوونی لە ماوەی رابردوودا پرسیارم لێ کرد، پێی گوتم بەسەردان گەڕاوەتەوە کەرکووک و خەڵکی بەنەمانی دیکتاتۆرییەت دڵشادن و شار لە کەشێکی ئازادیی ئەوتۆدایە هەرگیز شتی وای بە خۆوە نەبینوە.

کاتێکیش دەربارەی  پێوەندیی خەڵکەکە لەگەڵ یەکدیدا، پێوەندیی نێوان کوردو تورکمان و عەرەب و ئەوانی دی لێم پرسی، لەوەڵامدا گوتی: خەڵکەکە وەکو جاران بە ئاشتی و خۆشەویستی لەگەڵ یەکدیدا دەژین، هەر شتێکیش بە غەیری ئەوە بگوترێ، دەسکردی ئەو حزبانەیە کە خەڵک بەهەندیان دانانێن. بەو وەڵامە خۆشحاڵ بووم و خۆزگەم خواست هەر چی توندڕەوی لایەن و رەنگەکان هەیە گەر بۆ ساتێکیش بێت گوێ لە ترپەی شەقام بگرن و واز لە مەرامی خراپ و خۆپەرستیی کوشندە و ورێنەی رەشی خۆیان بهێنن. لە کەرکووکدا مەسەلەی گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی و نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی دژ بە کورد لە شارو پارێزگاکەدا، ئەڵقەیەکی گرنگە لە زنجیرەی بنیاتنانی عێراقی نوێ و دەرچوون لە تونێڵە تاریکەکە.هەر نوشوستییەکیش لە رەوشی ئاسایش و سیاسی و ئەتنی لە شاری کەرکووکدا، لەوەیە ئاسەواری بەرەو ناوچەکانی دیی عێراق پەل بهاوێت. هەر لەمەشەوە گوتەی (سەرکەوتنی عێراقی نوێ لە کەرکووکەوە دەست پێ دەکات) هاتووە.

بۆیە سەیر نییە هێزە شەڕەنگێزەکان هەموو هەوڵێکیان لە گەڕ دایە بۆ سەرنەگرتنی ئەزموونی بنیاتنانی عێراقی دیموکرات و تەقاندنەوەی رەوشی کەرکووک. پاشماوەکانی بەعس، کە دەسکەوت و پایەو دەسەڵاتی کۆیلەکردنی خەڵکیان لە دەست داوە، هەروەها ئەو عەرەبە هاوردانەی بوونە ئامرازێک بۆ پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و فەرمانگەکانی دەوڵەت و دەزگاکانی حزب و سوپاو ئاسایش و موخابەرات و سوپای میللی و دەزگا سەرکوتگەرەکانی دیبیان پڕ کردبوو. ئێستا نەماون و هیچ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرانەیان نەماوە. وا بە لێشاو دەچنە نێو سوپاکەی موقتەدا سەدرەوە، کە لەلایەن هەندێک دەسەڵاتداری ئێرانییەوە بە نوێژی نیوەڕۆ پاڵپشتی و



پشتگیریی هەندێ لایەن دەکرێن، لە نێویاندا جەبهەی تورکمانیش. سەرباری دەزگا سیخوڕییەکانی تورکیا، کە بەهۆی ئەفسەرانی پێوەندی و تۆڕە ئەمنییەکانەوە لە رێی جەبهەی تورکمانییەوە پاڵ بە لایەنەکانەوە بنێن تا ئاشووب و دووبەرەکیی نەتەوایەتیی و تایفەگەری بنێنەوە و کار بۆ شڵەژاندنی ئارامی لە شارەکەدا بکەن ئەمەش لە سۆنگەی ئەو یەدەگە نەوتییەوە، کە بە درێژایی دەیان ساڵ بووە بەڵایەک و بەرۆکی دانیشتووانەکی گرت.

تاکو نهۆ جەبهە نەیتوانیوە خواستی سیاسی تورکمانی عێراق روون بکاتەوە. کە دەبوو هەر رێکخستنێک خۆی بە نوێنەری هەموو تورکمان یا بەشێکیان دەزانێت، بەر لە هەر شتێک جەختی لەسەر ئەمە بکردایەتەوە.

چونکە تورکمانیش مافی خۆیانە وەکو نەتەوەکانی دیی عێراق بە مافەکانیان بەهرەمەندبن، ئەزموون سەلماندوویەتی ناکرێ خواستی هیچ گرووپێکی نەتەوەیی یا ئایینی یا سیاسی لە رێگەی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی و خواستی گرووپەکانی دی بەدی بێت، بەڵکو پێچەوانەکەی راستە. هەر گرووپێک مافە رەواکانی بێنەدی، دەبێ بە شێوەیەکی ئیجابی کار لە رەوشی گرووپەکانی دی بکات. لە مێژووی نزیکی عێراقدا گەشترین بەڵگەمان بەدەستەوەیە، چونکە کاتێک حکوومەتی بەعس لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا بە ناچاری لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دانوستاندنی کرد، هەر لەبەر ئەوەی ئەمی دوایییان داوای دیموکراتیزمی دەکرد بۆ سەرجەم خەڵکی عێراق و داوای مافی رۆشنبیریی کەمە نەتەوایەتییەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی بابەتەکە وەکو سەرکەوتنێک نەبێ بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی، چونکە بەعس لە بنەڕەتدا نییەتی پاک نەبوو، بۆ ئەوەی رێ لە هەر جۆرە نزیک بوونەوەیەکی نێوان ئەو کەمە نەتەوەییانە و

بزووتنەوەی کوردایەتی بگرێت، حکوومەتی بەعس دەست پێشکەری کردو بڕیاری دانی مافی رۆشنبیریی بە تورکمان و سریان دەرکرد.

سەرەڕای نیاز گلاویی، لێ ئەوە سەرکەوتنێک بوو بۆ دیموکراتخوازەکانی عێراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد. بەڵام کە بەعس چنگی خۆی لە دەسەڵاتی عێراقدا قایم کردو توانی بەرێکەوتننامەی جەزایر لە ساڵی ١٩٧٥، زەبرێکی گورچک بڕ لە بزووتنەوەی کورد بوەشێنێ دەبینین بەپیشەی هەمیشەیی خۆی لەو پەیمان و بەڵێنانەی پاشگەز بووەوەو مافی رۆشنبیریی و خوێندنی تورکمانی و سریانیی نەهێشت، لەوەش زیاتر بەشێوەیەکی (دەستووری)، هەردوو کەمە نەتەوەکەی هەر ئیلغا کردەوە. ئەویش لە رێگەی ناونووس کردنی رۆڵەکانیان بە عەرەب لە تۆمارەکانی ئاماری دانیشتووان.

جەبهەی تورکمانی لە سۆنگەی گێرە شێوێنیی گوتارە سیاسییەکەیەوە لەم هاوکێشە سادەو ساکارە نەگەیشت، ئایا دەبێ کەسێکی ژێر بڕوای وا بێت، کەمە نەتەوەیەکی بچووک مافی سیاسیی خۆی پیادە بکات و دووەمین نەتەوەی وڵاتیش لە ماف بێبەش بێت؟

لە کاتێکدا جەبهەی تورکمانی بەشێوەیەکی واقعی و عاقڵانە مافەکانی تورکمان ناخاتە بەردەم رای گشتیی عێراق، تا هێزو لایەنەکاراکانی کۆمەڵگەی عێراق هەڵوێستێکی روونیان بەرابەر بەو مافانە هەبێت، کە چی لە بەرابەردا دەبینین لێدوانی هەر بەرپرسێ یا ئەندامێکی جەبهە یا نووسەرۆکەیەک هاوبیر لەگەڵ جەبهە، خاڵی نییە لە قسەو قسەڵۆکی دژ بە حزب و سەرکردە سیاسییەکانی کورد، تەنانەت هێرش کردنە سەر کورد وەک گەلێک نەک وەک هێزو لایەنی سیاسی. لە هەر رۆژنامەیەکی عەرەبیدا وتارێک بەرچاو ناکەوێ، کە باسی تورکمانی عێراق بکات و هێرش و سووکایەتی نەکاتە سەر کورد،



ئەمە چارەسەرێکی دروست نییە بۆ داکۆکی کردن لە مافی تورکمان. تورکمانەکان مافی خۆیانە داوای مافی نەتەوەیی و سیاسی و رۆشنبیریی بکەن. دەشتوانن سوود لە رەوشی تازە وەربگرن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی واقعیی خواستەکانیان بخەنە بەردەم رای گشتیی عێراق.

لە دەیان ساڵی رابردوودا حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق سیاسەتی سەرکوت کردن و کوشتو بڕیان پیادە دەکرد دژ بە هەر کەسێک داوای مافی مرۆییانەی خۆی کردبێت، گەلی کورد قوربانیی زۆر گەورەی لەم رێیەدا بەخشی. لە عێراقی ئەمڕۆدا، داواکردنی مافی نەتەوەیی و سیاسی و رۆشنبیریی بە ئاگر و ئاسن، وەڵام نادرێتەوە و ئێستا خەبات ئاسانترو کەم تەکلیفترە. ئەمڕۆ دەیان حزب و رێکخراوی سیاسی هەیە، کە ئازادانە خواستی خۆیان دەخەنە بەردەمی خەڵک. تا ساڵی رابردوو کارەکە تەواو جیاواز بوو.

کەس ناتوانێ راستییە جوگرافی و مێژووییەکان بە درۆبخاتەوە. هەر بزووتنەوە و گردبوونەوەیەکی سیاسی، کە وەک نوێنەری ئەم توێژە یا ئەوی دی خۆ پیشان دەدات، هەر چەندە لە راستیی قەبارەی خۆی و واقیعییەتی خواستەکانی بگات، ئەوەندە چاکترە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی خەڵکی عێراق. هەر چەندیش ئەو رێکخستنانە لەو وەهمانەی بۆ خۆیان دروستیان کردووە، رزگاریان بێت، کە ئەوەندە دەیلێنەوە خۆشیان بڕوایان پێ هێناوە، ئەوەندە و زیاتر لە بەرژەوەندی خۆیان و ئەو توێژە دەیلێنەوە، کە خۆیان بە نوێنەری دەزانن. جەبهە گەر دەیەوێ هەروا بەلاتەریکی نەمێنێتەوەو لە لایەن هێزە سیاسییە کاراکانی عێراقەوە بێزراو نەبێت، پێویستی بەسەر لە نوێ خوێندنەوەی رووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە هەیە. دوور لە چەمک و بەهاکانی نەتەوایەتییەکی ساکارو سەرکێشیی سیاسی و قومارکردن بە هەموو شتێک لە پێناوی هیچ،

هاوپەیمانیی بەعس و هێزە تاریک پەرستەکانیش دادی نادەن، کە دەیانەوێ بەرەو سەردەمی کۆیلایەتی و چەوسانەوەو پاشکەوتن و کوشتوبڕ بمانگێڕنەوە.



## پیشاندانی جەبهە
## لە میدیای عرووبەویدا

وێڕای حاڵەتی کاریکاتێرییانەی جەبهەی تورکمانی، کەچی میدیای عرووبەوی بایەخێکی لە رادەبەدەری پێ دەدات، لێرەدا باس لە بایەخدانی میدیای تورک بە جەبهە ناکەین، چونکە جەبهە وەک ئامرازێکی سیاسەتی تورکیا لە عێراقدا، دەبێ بەشی خۆی بایەخی پێ بدرێت لە بە دواداچوونی میدیاو دەزگاکانی راگەیاندنی ئاراستەکراو لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیاوە.

سەرەڕای شاڵاوەکانی قەبەکردن و دیمەنە شانۆ ئامێزەکان، کە لە دوای نۆی نیسانەوە لە تورکیا سازدران، حزبی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی فاشیزم و رێخکراوەکانی سەر بە گورگە بۆرەکان لە پشتیانەوە بوون، فەرمانگەکانی میتی تورکی بە دروستی لە دەسەڵاتی سنوورداری جەبهەو توانای لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا گەیشت، بۆیە هێندەی نەبرد شاڵاوەکانی راگەیاندن پاشەکشەیان کردو جەبهەش لای هاووڵاتییانی ئاسایی تورکیا متمانەی لە دەست دا.

ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووس و کارمەندانی راگەیاندنی تورکیا هاتنە عێراقەوەو لە نزیکەوە رەوشی سیاسی و ئەتنی ناوچەکەیان بەدی کردو درۆو دەلەسەکانی جەبهە دەربارەی ملیۆنان تورکی عێراقی بۆ خەڵکی روون کردەوە.

نووسەرێکی رۆژنامەی (حوریيەت) لە وتارێکیدا کە یەکسەر لە دوای رووخانی رژێمدا نووسیویەتی، دەڵێ: هیچ کام لەو (سەدان هەزار تورکەی)، کە جەبهەی تورکمانی باسیان دەکات، لە لیوای مووسڵ بەدیم نەکردن.

بەڵکو ئەوەی ئەو بینیویانێتی یا عەرەب بوون یا کورد یا کلدان یا ئاشووری بوون.

قسەی جەبهە دەربارەی ژمارەی تورکمان لە عێراق، برووبیانووەکانی تورکیای کەمالیمان وەبیر دێنێتەوە دەربارەی ژمارەی (تورک) لە ویلایەتی مووسڵ لە کاتی کێشەی مووسڵ لە بیستەکانی سەدەی رابردوو، ئەو بروبیانووانە مایەی گاڵتە پێ کردن بوون لەکن لایەنەکانی دی. تورکیا دەیگوت ژمارەی تورکە (تورکمانەکان) لە ویلایەتەکە (١٤٦٩٢٠) کەسن، واتە پێنج یەکی دانیشتووانی ویلایەتەکە (پارێزگاکانی مووسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکووک و سلێمانی ئێستا). ئەو ژمارەیە بەلای هەموو لایەنەکانەوە، لە نێویاندا ئەندامانی لیژنەی کۆمەڵەی گەلانیش، کە بۆ هەمان مەبەست پێک هێنرا بوو، زێدەڕۆییەکی زۆری تێدا کراوە.

ئەینار ڤێرسنی سەرۆکی لیژنەکە ژمارەی تورکمانی لە سەرجەم ویلایەتەکەدا تەنیا بە (٣٩) هەزار کەس خەمڵاند (بڕوانە: ئەینار ڤێرسین، لە بەڵکانەوە بۆ بەرلین، ستۆکهۆڵم ١٩٤٣، ل ١٥٩-١٦٠ بە زمانی سویدی).

نازانین بە پێی چ تیۆرییەکی دیموگرافی لە ماوەی هەشتا ساڵدا ئەو ژمارەیە هێندە زیادی کردو بوو بە دوو ملیۆن یا تەنانەت وەڵامەکەش لە لای (زانایانی!) جەبهەی تورکمانییە. لە ئەڵقەکانی داهاتووی ئەم وتارەدا بە دوورو درێژی و بە پشت بەستن بە زانیاریی ئامار دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە.



حەزدەکەم ئاماژە بەو ژمارە گاڵتەجارییە بدەم، کە ئەوسا لایەنی تورک دەربارەی ژمارەی (تورکی سلێمانی) پێشکەش بە لیژنەی ناوبراوی کردبوو.

تورکەکان ئاماژەیان بە هەبوونی زیاد لە ٣٢ هەزار تورک لە پارێزگای سلێمانی کردبوو. ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا (کوردو تورک و عەرەب)، (ل ٣٧٥-٣٧٦ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی)، لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە (پرسی پێکاتەی نەتەوەیی دانیشتووانی لیوای سلێمانی نموونەیەکی باش بوو سەبارەت بە پووچیی لایەنەکانی ئەو کێشەیەی حکومەتی تورکیا خستییەڕوو و نەزۆکیی ئەو ئەرکەی بە (جەواد پاشا)ی بەستەزمان سپێررا بوو.

وەڵامی فەرمی بەریتانیاش بۆ ئەم قسەیە ئەوە بوو، کە (یەک تاکە هاووڵاتی تورک لە سلێمانیدا نییە. کاتێکیش گەیشتینە سلێمانی، بە ناوی خۆمانەوە یاداشتێکمان بۆ لیژنەکە نارد، تێیدا داوای لێبوردنمان کرد، کە وەڵامە ئاماژە پێکراوەکەی بەریتانیا هەڵەیەکی تێدا بوو، بۆیە دەڵێین ئێمە تاکە یەک تورکمان لە سلێمانی دۆزییەوە، ئەویش لە خزمەتکارانی سەربازگەکانی حامیەی تورک بوو بەر لە جەنگ، دوای ئەوەی ئافرەتێکی کوردی خواست، هەر لە شارەکەدا نیشتەجێ بوو. ئێستاش ئەو کرێکاری پاک کردنەوەیە لە شارەکە).

بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەکانی لیژنەکەش دەریانخست، کە جگە لەو کرێکاری پاک کردنەوەیە، تورکێکی دی لە لیواکەدا نییە.

لە جەنگی ژمارەدا جەبهە تەنانەت لۆژیکی ساڵانی بیستی سەدەی رابردووی کەمالیستەکانیشی تێپەڕاندووە، چونکە هیچ نەبێ کەمالیستەکان ئاماژەیان بە هەندێ خەملاندنی عوسمانی دەکرد، هەرچی جەبهەیە هیچ پاساوێکی بە دەستەوە نییە، ئاماژە بە خەملاندن یا ئاماژە رەسمییەکان بکات، چونکە باش دەزانێت، کە ئەوەی ئەو

دەیڵێت تەنیا درۆ هەڵڕشتنە. لەم دواییەدا وەزارەتی نەخشە دانانی عێراق ئاماژەی بە ئەگەری ئەنجامدانی ئامارێکی دانیشتووان داوە، لە مانگی تشرینی دووەمی داهاتوو، هەروەها راگەیاندنی ئەنجامەکەی پاش یەک مانگ لە پرۆسەی ئامارەکە. گەرشتەکان لەم بوارەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە بچن، ئەوا لە کۆتایی ئەمساڵدا راستی و دروستیی پێکهاتەی ئەتنیی دانیشتووانی عێراق و شارە جۆر بەجۆرەکانی دەردەکەوێت و شەڕی ژمارەو گوتە گوتی جۆربەجۆر دەربارەی ژمارە کۆتایی دێت. بۆ ئەوەی راستی و دەرهاویشتەکانی ئامار جێیان بگرێتەوەو جەبهەی تورکمانی و رەوتی دیکەی وردیلکەش کارتێکی گرنگی موزایەدە کردن لە دەست دەدەن.

لەگەڵ پەردە هەڵماڵین لەسەر قسە بێ بناغەکانی جەبهە، هەندێ لە هۆیەکانی راگەیاندنی تورکیا هەڵوێستی عەقڵانیتریان گرتەبەر لە باس کردنی رووداوەکانی پەیوەست بە عێراق و رۆڵی کەمینەی تورکمان لە پرۆسە سیاسییەکەدا، تەنانەت راگەیاندنی ئەوپەڕی شۆڤێنیی تورک سەلماندی، کە بەلای پیشەییدا دەچێت و کەسانێکی تێدا هەن، لە میدیای دنەدەری عەرەبی زیاتر رێز لە ئاکاری پیشەکە دەگرن.

میدیاکارانی تورک لەو قەوانەی جەبهەی تورکمانی کە لە لێدان و گوتنەوەی ماندوو نابێت، وەڕس بوون، واتە مەترسیی کوردو بزاڤە رزگاریخوازەکەی.

رۆژنامەنووسی تورک جەنگیز جاندار لە سیمینارێکدا کە لە ئەنقەرە دەربارەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق رێک خرا، وەڕس بوونی خۆی دەربڕی و پرسیارەکانی ئاراستەی نوێنەرانی جەبهە کرد، ئەو بەرپرسە وەک پیشەی هەمیشەییان لەسەرقاڵی بە درۆ هەڵبەستنەوە.

جاندار گوتی (بۆچی هەمیشەو بەردەوام هێرش دەکەنە سەر کورد، لەبری ئەوەی داوای مافی خۆتان بکەن؟ دەتوانن رێگریی لە گەیشتن بە



مافەکانیان بکەن؟

وەڵام نەخێر. بۆچی داکۆکی لە ماف و خواستەکانتان ناکەن بێ ئەوەی هێرش بکەنە سەر کورد؟ ئەو کوردەی ئێوە هێرشی دەکەنەسەر لە ئەنجوومەنی حوکمڕانیدا داکۆکی لە مافەکانتان دەکەن. کەی فێری پیادە کردنی سیاسەت دەبن؟ بۆ خەڵکی دی دەکەنە دوژمنی خۆتان؟ لەو شتانە چیتان دەست دەکەوێ؟). لە بەرامبەردا کەناڵە دنەدەرە عەرەبییەکان، کە ئێستا سەرقاڵن بە هەڵایساندنی رووداوەکان و راپێچ دانی زۆرترین ژمارەی عێراقی بەرەو فەوتان بێ ئەوەی پلان و بەرنامەیەکی روونیش هەبێت، ئەو کەناڵانە بایەخێکی زۆر بە جەبهەو هەراو هۆریاکانی دەدەن. لەم بوارەدا جەبهە وەپێش گشت پێکهاتەو گردبوونەوە سیاسییەکانی پاش رووخانی بەعس بە دەرکەوتن، کەوتووە. دەکرێ لە هۆبە راستەقینەکانی ئەم بایەخە نائاساییە بگەین، کە هاوشانی قەبارەی ئەو پلان و بەربلاویی لایەنەکانی دژ بە کوردو بە تایبەتی دژ بە شاری لێقەوماوی کەرکووکە. تائێستاش یادگاری رۆژەکانی پاش رووخانی سەدام هێشتا لە زەینی خەڵکدا هەر زیندووە، کە پڕبوون لە هاندان و درۆو دەلەسە.

پاڵەوانەکانیشی پەیامنێرانی کەناڵەکانی ئەلجەزیرە (لە تورکیاوە هاتبوو)و ئەلعەرەبییەو ئەلعالەم و ئەبوزەبی و NTV و Turk - CNNو کەناڵگەلی دی تورکی ، ئەویش بە هاوکاری جەبهەی تورکمانی . کاتێکیش راستی شتەکان دەرکەوت، بەبێ ئەوەی ورتەیان لێوەبێت دەربارەی ئەو هەموو درۆیانەی کردیان و بۆ ماوەی چەندین رۆژ هەر دەیانگوتەوە، پاشەکشەیان کرد. ئەم شتەش بۆ هەزارەمین جار لایەنگیریان لە بەدواداچوونی رووداوەکان دووپات دەکاتەوە. هەروەها نابابەتییان لە شی کردنەوەی رووداوەکان لە رێی هانابردنیان بۆ سوپایەک لە شیکاری نەخوێندەوارو بێ رەگی نەتەوەپەرست. ئەمەش

ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ڕێز لە ئاکاری پیشەکە ناگرن، جگە لە زیان گەیاندن بە بینەرانی ساویلکەیان.

تا ئێستاش هەندێ کەناڵی ئاسمانی و ماڵپەڕی عەرەبی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، وێڕای دەرکەوتنی ڕاستییەکان و ڕوون بوونەوەی ڕەوشەکە، درێژە بەو سیاسەتە دەدەن. تۆڕی هەواڵی عەرەبی (ANN)، لە میانی ئاراستە تازەکانیدا بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکانی عێراق (وا دیارە تەمویل ڕۆڵێکی سەرەکیی لەم گۆڕانەدا هەیە) و لە ڕێی میدیاکارانی تازەیەوە، کە لە کەناڵەکانی دنەدەری دروشمبازیی عرووبەویدا بە دوای شوێنێکدا دەگەڕێن بۆ کەناڵەکەیان.

بەشێکی بەرنامەکانیان بۆ نمایش کردنی جەبهەی تورکمانی تەرخان دەکەن. سەلوا قەزوینی بێژەریش لەم بوارەدا سەرمەشقە، کە بە بۆنەو بێ بۆنە کەسانێک بانگێشت دەکات بۆ ئەوەی بەناوی جەبهەی تورکمانییەوە قسە بکەن. سەیریش لەوەدایە میوانانی سەلوا بەدەگمەن خواستەکانی تورکمان لە عێراقدا بۆ بینەران ڕوون دەکەنەوە. بەڵکو زۆربەی قسەکانیان دەربارەی مەترسیی کوردو خواستەکانێتی. وا دیارە ئامانجی بەرنامەکەش هەر ئەمەیە.

هەر بۆ خۆڵکردنە چاوی بینەریش، ناو بەناو سەلوا قەزوینی پێوەندی بە هەندێ سیاسەتمەداری کوردەوە لە بەغدا دەکات، لێ لە سۆنگەی خراپیی پێوەندییەکانەوە لە عێراق، ناکرێ ئەوی ئەوان دەیڵێن لێی بگەین! ئەمەو جگە لەوەی پێگەی سیاسییان وەکو نوێنەری حزبێکی گەورەی سیاسی و لێپرسراو ڕێگە لەوە دەگرێت زمانێکی شەل و شۆق و ناسیاسی بەکاربێنن و لەگەڵ لێپرسراو و لایەنگرانی جەبهەدا بخزێنرێنە داوی شەڕی زمانبازییەوە.

کە بە ساویلکەی سیاسی و بازاڕییەک ناسراون، بەدەگمەن هاوتایەکیان لە نێوان بزووتنەوە سیاسییەکاندا، ئەوانی کە خاوەن



مێژوویەکی پڕ لە خەبات و کاری سیاسین، دەدۆزینەوە. لە بەرنامەکەدا میوانانی جەبهەی تورکمانی بە هۆی ئەو دوورەپەرێزییەی بەدەست ڕۆژگار و چەمکەکانییەوە دەرگیری بوونە، زۆر حەز بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و فەنتازیای ڕابردووی لە مێژووی دەکەن.

لە یەکێک لە بەرنامەکانی خاتوو قەزوینیدا، سەرۆکی جەبهە باسی لە دوا دۆزینەوە کرد، لە بابەت سۆمەرییەکانەوە هەروەها لەسەر (تەختەی قوڕی سۆمەریی پارێزراو لە مۆزەخانەی بەریتانی، کە دەربارەی تورکمان دەدوێن!!).

ئایا ئەوە دەهێنێ قسە لەسەر سۆمەرییەکان و مۆزەخانەی بەریتانی لە لەندەن و سەدان پسپۆڕی شوێنەوارو مێژووی عێراقی کۆن بکرێت و کەسێک لە کەرکووکەوە بهێنرێت، جیاوازی نەکات لە نێوان مێژوو و چیرۆک و مەتەڵەکانی داپیرە؟

وا دیارە شوێنەوارناس و پسپۆڕانی مێژووی کۆنی عێراق و ئەوانەی لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە زۆرەدا بە درێژایی دووسەدەی دوایی دایان بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی نهێنییەکانی پەیوەست بە سۆمەری و زمانەکەیانەوە، هیچ چارەیەکیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێ زوو بگەنە ئەو خولە ڕۆشنبیرییانەی جەبهەی تورکمانی ڕێکی دەخا، تاوەڵامی پڕ بە پێستی ئەو پرسیارانەی بەدرێژایی دووسەدەی ڕابردوو هیلاکی کردوون، بدۆزنەوە.

بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە، ئەو پیاوەی قسەی وا دەکات سەر بە ناوەندێکی زانکۆیەکی عێراقی بێت.

بەڵام کاتێک، کە بیر لە بارودۆخی رانکۆکانی عێراق لە سایەی ڕژێمی بەعسدا دەکەینەوە، لە کاتێکدا تێزی (اطروحه) دکتۆرا لە بارەی هزری ستراتیژیی سەرکردەوە لە بواری دابەشکردنی سەوزەدا دەنووسرا. مرۆڤ دەتوانێ درک بەهۆیەکانی ئەو ماڵوێرانییە هزرییە

بكات، كە سەرۆكی جەبهەی توركمانی تەراتێنی تێدا دەكات. ئایا دەكرێ ئامرازێكی راگەیاندن، كە رێز لە خۆی و لە بینەر دەگرێت، شتگەلی بێمانای وا بڵاو بكاتەوە بێ ئەوەی بەرێوەبەری گفتوگۆكە قسەیەكی لە سەر بكات (ئەمە ئەگەر شتێك لە بابەتەكە بزانێت!!)؟

ئەم خاتوونە لە هەموو ئەڵقەكانی بەرنامەكەیدا پێوەندی بە نوێنەری جەبهەی توركمانییەوە لە بەریتانیا دەكات. بۆ ئەوەی رای (دانسقە)ی خۆی بدات. ئەگەر لە لەندەن بێت یا بەرێوەبێت بەرەو ئەنقەرە، بۆ ئەوەی رێنمایی تازە بۆ جەبهە وەربگرێت. ناكرێ ئەمە لە چوارچێوەی ئازادی رادەربڕین دابنرێت. ئازادی رادەربڕین و ئەركی سەرەكیی راگەیاندن لە گەیاندنی زانیاری بەسوودو خستنە رووی بابەتییانەی رووداوەكان بۆ بینەران لە میانەی بەشداری كردنی لایەنەكانی پێوەندیدار بە رووداوەكەوە، ئەوانە لە كوێی ئەو كەناڵی دنەدان و سوپای شیكارە سیاسی و ستراتیژییانەوەن. لە بری خستنە رووی شیكاری بابەتی پشت بەستوو بە بەڵگەو سەرچاوە، هەمیشە سەرقاڵی گوتاردانی سیاسی حەماسی و جوێن بارانن؟ وا دیارە سەرۆكی جەبهەی توركمانی ئاگای لە گۆڕانكارییەكان نییە، تەنانەت لەسەر ئاستی ئەو سەرچاوەیەی، كە ئەم هزرە سۆمەرییانەی لێ هەڵدەهێنجێنێت. مەبەستمان لە قوتابخانەی مێژوویی توركیای كەمالیزمە. ئەم قوتابخانەیە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی كەمالیزم و دروشم گەلی رەگەزپەرستی و فاشیزمی وەك **(چەند بەختەوەرم بەوەی كە توركم)** و **(تەنیایەك تورك هەموو دنیا دێنێ)** و **( بیردۆزی زمان و رۆژ و تورك بنەچەی هەموو ژیارەكانن)** و هی دی...

دەڵێم ئەم قوتابخانەیە لەو روانگەیەوە بانگەشەی ئەوەی دەكرد، كە سۆمەرییەكان لە تورك زیاتر هیچی دی نین. ئەمانە بەم (بیردۆزەیان) نەیانتوانی قەناعەت بەكەس بێنن، بۆیە بێ سەرێشە وازیان هێنا، تەنیا



بۆیان مابێتەوە (بانقی سۆمەر)ی هەتیو كەوتووە لە توركیا.

وا دیارە سەرۆكی جەبهەی توركمانی پێویستی بە خولێكی نوێیە، كە دەزگای (میللی ئیستخبارات تەشكیلاتی MIT) بۆی ساز بدات. بەڵام ئەمجارەیان با لە (تورك تاریخ قورولو - كۆڕی مێژووی تورك) بێت، تانەبێتە گاڵتەجاڕی ئەم و ئەو. هیواخوازین خاتوو سەلوا ئەگەر دەیەوێت رووناكی بخاتە سەر توركمانی عێراق و مافەرەواكانیان، با پشت بە كەسانێك ببەستێت بە بابەتیی و رۆشنبیریی گشتیی بناسرێنەوە.

دەكرێ پاساوەكانی جاسم العزاوی بۆ هەوڵی پیشاندانی جەبهەی توركمانی بەبینەری عەرەب لە میانەی كەناڵی ئاسمانی (ابو ظبی)یەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، جاسم یەكێ لەو عەرەبانەیە، كە رژێمەكانی عێراق هێنایانی بۆ كەركووك، بەمە جاسم و سەدان هەزاری وەك ئەو رەنگە دوور لە ئیرادەی خۆیان و بە زۆر یا بە هۆی نالەباری گوزەرانیانەوە بووبنە ئامرازێك بۆ پیادەكردنی ئەو سیاسەتە ئینسانییە.

مەبەست لەو شاڵاوی پاكتاوی رەگەزییەیە كە كوردی كەركووك لە ناو شارو پارێزگاكەدا دووچاری بوون.

ئالێرەدا شاڵاوە عەنتەرییەكانی عەزاوی بۆ سەر كوردو سەركردەكانی و بزووتنەوە ئازادیخوازەكەی و هەوڵەكانی بۆ پیشاندانی جەبهەی توركمانی بە بینەری عەرەب لە میانەی كەناڵی (ابوظبی)یەوە دەست پێدەكات. بەڵام پیاو لەوە سەری سوڕدەمێنێت، كە راگەیەنەرێكی وەكو د. اسامە مهدی لە ماڵپەڕێكی رێزداری وەكو ئیلاف ببێتە بڵاوكەرەوەی بوختانەكانی جەبهەی توركمانی. دكتۆر دەتوانێ بانگەشە بكا، كە راگەیەنەرەو هەوڵ دەدات لە خستنە بەرچاوی رووداوەكانی عێراقدا بابەتیی بێت و لە لایەنە سیاسییە هەمەجۆرەكانەوە، لە نێویشیاندا حزب و بزووتنەوە كوردییەكان كەڵك وەربگرێت.

کەس نییە ڕێگری لە گواستنەوەی هەواڵ بە وردی پاش دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستی سەرچاوەکەی بکات، هاوکات لەگەڵ خستنە بەرچاوی بۆچوونی لایەنە جیاجیاکان، لەو بڕوایەدام لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە گەر بڵێین هەموو ئەو هەواڵانەی، کە سەرچاوەکەیان جەبهەی تورکمانییە، هەڵبەستراون. واتە وەکو سەرچاوەش جێگەی بڕوا نین.

بێگومان ڕاگەیاندنی عەرەبی، ئەمە ئەگەر لە ڕاستیدا لە دیدو نیەتێکی باشەوە بۆ خستنە بەرچاوی ڕاستییەکان سەرچاوەی گرتبێت، نەک بەفیتی ئەملاو ئەولا دوژمنداریی کوردو خواستەکانیان بکات. ڕەنگە دڵنیا بووبێت لە ناڕاستی قسەکانی جەبهەی تورکمانی لە هەموو ئەو قسەو هاشو هووشەی لەم چەند ساڵەی دواییداو تایبەت لە وەختی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە ٩ی نیسانی ساڵی ڕابردوو.

ئەزموونی ئەو چەند ساڵە دەری خست، کە ئەم گردبوونەوەیە هیچ نییە جگە لە ماشێنێک بۆ داهێنانی درۆو بوختان و ئەمانەش هیچیان پێوەندییان بە ماف و داخوازی ڕەوای تورکمانەوە نییە.

هەندێ ماڵپەڕیی عێراقیی سەر ئەنتەرنێت هەن ڕۆژانە نووسینی کرچ و کاڵیان تێ دەئاخنرێ، کە دەکرێ بە مەجاز ناوی بنێین زێراب (زڕوزبڵی ڕۆشنبیریی)، دژ بە گەلی کورد بڵاو دەکرێنەوە، مەبەستیش لە بڵاوکردنەوەیان هەوڵی ئەو نووسەرۆکانەیە بۆ ئاژاوەنانەوە لە نێوان پێکهاتە ئیتنییەکانی نێو عێراقدا.

ئەمەش جارێکی دی ئەوەمان بە دەستەوە دەدا، کە دەکرێ نیعمەتی تەکنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاری لە لایەن شوان و گاوان و نەزانەوە بە مەبەستی خراپ بەکار ببرێن.

دەبێ سوپاسی خوا بکەین، کە هێشتا ئەو عێراقییانەی چەک لە ماڵەوە دەشارنەوە ناتوانن چاویان بەو نووسینانە بکەوێت، ئەگینا تۆوی دووبەرەکی و جیاییان لە نێوان توێژەکاندا دەچاند. هیوادارین، کە



ئەوانی لە ناو عێراقدان بەر لەم نووسەرۆکانەی لە پەراوێزی ژیاندا لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا دەژین و قینیان لە هەموو شتێکی جوان و پڕ خێری ژیانی ئینسانییە، فێری گفتوگۆی شارستانی بن.

ئەوی جێی سەرنجە، لێپرسراوانی جەبهەو لایەنگرانیان بە دوو زمانی جیا دەدوێن، ئاخاوتنەکانیان لە تورکیاوە لە ڕێگای شاشەی تەلەفزیۆنی تورکییەوە بانێک و دوو هەوایە لەگەڵ ئەو قسانەی لە میدیای عەرەبییەوە دەیکەن.

ئەوان لەوێ تورکی ڕەسەنن و قەدەر هاویشتوونیە عێراقەوەو کۆمەڵانێک دەیانەوێ لووشیان بکەن، جا بۆیە لەسەر تورکیایە بە حکومەت و گەل و بە حزب و دەزگاکانییەوە فشار بخەنە سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تا شوێنێکی بەرچاویان لە عێراقی نوێ پێ ببەخشێت. هەروەها لەسەر حکومەتی تورکیایە، کە پشتگیرییان لێ بکاو هێز بێنێتە ژوورەوەو ڕزگاریان بکاو بەرگرییان لێ بکاو سێبەری ڕەحمەتی بە سەریانەوە بێت، تا دەسەڵاتیان بەسەر ئەوانی دیدا بسەپێنن. لە میدیای عەرەبیشدا وانیشان دەدەن، کە تەنیا ئەوان عێراقین و شەوان کەڵکەڵەی یەکێتیی عێراق خەوی لێ زڕاندوون و ئامادەن لەگەڵ هەموو ئەو هێزە شەڕانگێزانەی دژ بە عێراقی نوێن هاوپەیمان بن.

ئەوان دەڵێن؛ ئێمە دژ بە هەموو حزبێکی نەتەوەیین، کەچی جەبهەکەیان نەک هەر نەتەوەییە، بەڵکو ڕەگەزییشە، چونکە هەڵگری ناوی گرووپێکی نەتەوەییە.

ئەوەندەی من ئاگاداربم حزبێک نییە بە ناوی کوردەوە بێت، بەڵکو حزبە کوردییەکان ناوی شوێنێکی جوگرافییان هەیە، کە کوردستانە. کەواتە بۆ هەموو خەڵکی ئەو شوێنە جوگرافییە هەیە لە نێویشیاندا تورکمان، کە ببنە ئەندام لەو حزبانەدا.

لێرەدا دەبینم شیاو و گونجاو و جێی بە تەنگەوە هاتنە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لە عێراقی نوێدا یاسایەک دەربچێت رێ لە چالاکیی حزبی رەگەزی یا ئایینی یا تایفەگەری وەکو حزبی تایبەت بە عەرەب یا کورد یا تورکمان یا کلدان، یا حزبی تایبەت بە موسڵمانان یا دیانەکان یا یەزیدییەکان یا سابئی یا سوننە یا شیعە... هتد بگرێت.

کۆمەڵی مەدەنی رێ لە بوونی ئەم شێوە حزبانە دەگرێت.
نووسەرۆکەیەک لەوانەی سەر بە کەش و هەوای نەخۆش و دەردەداری جەبهەیە، لە وتارێکی کرچ و کاڵدا هەوڵیدا توانج لە باری زانستی و بابەتییانەی ئەکادیمیست و لێکۆڵەرانی کورد بگرێت. بەهۆی فرەنەزانی ئەو نووسەرۆکەیە لە بنەماکان و بەراییەکانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی. چووە ئەو باوەڕەی، کە ئاماژەکردن بە چەند دەقێک، کە پچرپچڕ وەری گرتوون و بەدەر لە رەوتی مێژوویانەو بە پشت بەستن بە سەرچاوەی لاوەکیی و هەندێ نووسینی نازانستی و ناو هێنانی هەندێ سەرچاوە لە کۆتایی وتارەکەیدا، نووسینەکەی ئەو دەکاتە داهێنانێکی ئەوتۆ، کە مێژوو بە نەمری دەیهێڵێتەوە.

لە هەرزەوێژەیی ئەم نووسەرۆکە پشتی بە وڕێنەی گوتار نووسێکی دی، کە منی لەسەر ناوچەیەک و خێڵێک ژماردووە، فریان بە منەوە نییە. بگرە هیچ کاتێک لە تەمەنما ئینتیمای خێڵەکی و ناوچەگەریی خەمی من نەبووە، تەنانەت ئەم باس و خواسانە هیچ پێوەندییان بەو بابەتانەوە نییە، کە باسیان دەکەین.

ئالێرەوە دەتوانرێ زانیارییەکانی دیکەی بپێورێن، بەڵکو ساختە کارو درۆزن لە توێژەری زانستکار جیابکرێتەوە.ئەم تازەکارە لە یادی چووە، کە مێژووی راستەقینە لە نێوان دێڕەکانیدا درۆو قسەی هەڵبەستراو ناپارێزێ و تەنیا جێگای راستییەکان و کاری نەمری تێدا دەبێتەوە.



ئەم نووسەرۆکەیە بەر لە هەر کەسێک ئەوە دەزانێت، کە ئێمە بۆ بە درۆخستنەوەی، بێ پشت بەستن بە سەرچاوەو بەڵگەی تۆکمە هیچ نانووسین.

من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم، وەڵامی کەسانێک بدەمەوە نووسینەکانیان خاڵین لە رێز بۆ قسەو لە بابەتییانەوە دوورن. بەڵام نازناوە سەیرەکەی هەڵوێستەیەکی پێ کردم و سەرهاتی ئەو بەگەی بە بیرهێنامەوە، کە حەقیقەتی ئەو نازناوەی خۆی پێوە هەڵدەکێشا، نازانی. ئۆتۆمبیلی ئاودەستخانە دەردەر لە کەرکووک چەشنی شارەکانی دی عێراق و رۆژهەڵات هەرگیز نەیدەتوانی بچێتە ناو کۆڵانە تەنگەکانی گەڕەکە دێرینەکانەوە. لەبەر ئەمە خەڵکەکە پەنایان دەبردە بەر کەسانی لێقەوماو کە بەم کارە ناپەسەندە هەستن، بە هەڵکێشانی پیسایی و گواستنەوەی بە بەرمیلی بچووک بچووک لەسەرشانی ئاژەڵ.

تێپەڕبوونی یەکێک لەمانە بەگوێ درێژەکەیەوە بەهۆی بۆنییەوە بەس بوو بۆ بڵاوە پێ کردنی خەڵکی، بە مانەیان دەگوت پۆخچی (Pokchi)، لەبەر دزێوی ناوەکە. خەڵکی دەیانەویست لە کاتی قسەکردن لەگەڵیاندا بە ناوی دیبەوە بانگیان بکەن.

هەموو لەسەر وشەی (بەگ) رێکەوتن. رەنگە بۆ قۆشمەیی و گاڵتە بووبێ، هەمووان لەسەر ئەوە رێکەوتن نازناوی نوێ بۆ ئەم قوڕبەسەرانە دابنێن. ئەویش نازناوی (بەگ) بوو.

هەروەک چۆن هەندێ نەزان لە خوێندەواران هەن حەزیان لێیە بەڕابردووی جەنگیزخان و هۆلاکۆ و تەیمورلەنگەوە هەڵدەن، یەکێک لەوانە ویستی شانازی بەوەوە بکات. لە خێزانی (بەگ)ەکانە، ئەوانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا خاوەن دەسەڵات بوون، رەنگیشە لە ئەنادۆڵەوە هاتبێ و لە کەرکووک نیشتەجێ بووبن. کەچی کاتێک، کە چیرۆکی (بەگ)ی باپیری لە سەرچاوەیەکی زیندوو و نزیک لە

خوالێخۆشبووی باپیرییەوە بیست! بڕیاریدا ئیدی بۆ یەکجاری واز لەو نازناوە بهێنێت!

خوازیارم پاشای نوێمان لەو کۆمەڵەیە نەبێ، ئەگەرچی شێوازی قسەکردن و رووهەڵماڵراویی، رۆحی پاشایەتیی رەسەنی تێدا کوژاندۆتەوە.

جەبهەی تورکمانی کلۆڵی دەستی ناڕاستگۆیی و بێ جەماوەرییە، چونکە وەکو لە پێشدا گوتمان، بە شێوەیەکی ناسروشتی و لە سەردەستی دایەنگەلی نامۆ بەم وڵاتە هاتۆتە دنیاوە. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەو شاڵاوی هات و هاوارە، سیاسەتێ تا ئەوپەڕی هەلپەرستی دەگرێتە بەرو ئامادەشە بەو هیوایەی زیان بە کورد بگەیەنێت، تەنانەت هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتانیشدا بکات.جەبهە هاوڕێی خەباتی خۆی لە ناو کۆنە بەعسی و دەستەو دایەرەی موقتەدا سەدردا دۆزیوەتەوە. هەر بە هاوکاری ئەم لایەنانە توانی لە کەرکووک هەندێ خۆپیشاندان دژ بە کورد رێک بخات و تێیدا وێنەی سەدام و دروشمی تا ئەوپەڕ رەگەزپەرستیی بەرزبکاتەوە. هاوپەیمانیی جەبهە لەگەڵ کۆنە بەعسییەکاندا بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، زۆربەی کادیرەکانی جەبهەی تورکمانی ئەندامی حزبی بەعس بوونە و لە ریزەکانی سوپای میللی و فیدائی سەدام و سوپای قودس دا کاریان کردووە. جگە لەو هاوبەشییە هزرییەی کۆیان دەکاتەوە.سەرچاوەی بیری رەگەزپەرستی عەفلەقی و کەمالی یەکن و جیاوازییەکیان نییە. نەتەوەپەرستیی سەرەتایی و رقی نەتەوەیی و کینەی نێوان مرۆڤەکان لێرەو لەوێ وەک یەکن و لەمەش گرنگتر ئەو دژایەتییە هاوبەشەیانە بەرابەر بە کورد و هیواکانیان. هیچ هەڵبەستنێکی تێدا نییە، کە دەڵێین جەبهە وپشتیوانانی سەر بە حزبی بەعسی لەناوچوو بوون، چونکە لە ٣٥٠ تورکمان، لەوانەی خۆیانی وەکو بێ لایەنێک بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای



کەرکووک کاندید کرد، یەک کەسیان تێدانەبوو بەعسی نەبووبێت، هەر بۆیە کاتێک چەند کوردێکی بێ لایەن لە هەڵبژاردنەکەی ئەندامەتیی ئەنجوومەنی پارێزگا سەرکەوتن. جەبهە شێتگیر بوو و کەوتە هات و هاوار بۆ مافی تورکمان، بێ ئاماژەکردن چ لە نزیک یا لە دوورەوە، بۆ سەرنەکەوتنی (بێ لایەنەکان) بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی پارێزگا.

ئەوەی زیاتر جێی روون کردنەوەو قسە لەسەرکردنە، ئەو هاوپەیمانێتییە بە گومانەی نێوان جەبهەی سوپاس بژێری مستەفا کەمال و علمانێتییەکەیەتی، کە بووەتە ئایینێکی نوێ لە تورکیا. لەگەڵ منداڵ و تواڵەکانی موقتەدا سەدر، خوازیارانی گەڕانەوەمان بەرەو سەدەکانی تاریکی و دواکەوتن.

موقتەدا سەدر نوێنەری خۆی، دواکەوتوویەکی وەکو عبدالفتاح الموسوی ناردووە بۆ کەرکووک، تا (رەونەقی ئیسلام) بگەڕێنێتەوە بۆ ئەم شارە.

ئەم لاف و گەزاف لێدەرە لە هاتنەکەیدا بۆ کەرکووک بەمەبەستی وروژاندنی دووبەرەکی نەتەوەیی و تایفەگەریی رایگەیاند، کە ئیسلامی بەلاوازی لەم شارەدا بینیوە. ئەم کۆنە (طلائع)ە لە بیری چووەوە، کە عەلی کیمیاوی بە هەموو دڵڕەقی و مێگەلە سەربازو ئەنفال و گۆڕە بە کۆمەڵ و راگواستنی سەدان هەزار کورد، ئەنجاش نەیتوانی چۆک بە کوردی کەرکووک دابدات.

داخۆ ئەم دۆنکیشۆتە نوێیە بە شمشێرەدارینەکەیەوە، ئەوی عەلی کیمیاوی بە فەیلەق و کیمیاوییەوە شکستی هێنا، ئەم دەتوانێت بەجێی بێنێ؟

وا پێدەچێ ئەم نوێنەرە سەر بە (نەوەی شۆڕش)ە، هیچ دەربارەی خەباتی کورد و هێزە سیاسییە عێراقییەکانی، کە دەیان ساڵە دژ بە دیکتاتۆریەت وەستاونەتەوە، نازانێت. جەبهە و هاوپەیمانەکانی لە

پیاوانی رژێم و منداڵ و تواڵەکانی موقتەدا سەدر، هەرزەکارە چەکدارەکان هان دەدەن خۆپیشاندان رێک بخەن و تەقە لە دەزگا حزبییە کوردی و حکوومییەکان بکەن.

هەموو مەبەستی جەبهەش ئەوەیە. شەڕو ئاژاوە دروست بکاو لایەنە کوردییەکان بەرپەرچی ئەو سەغڵەت کارییانەی بدەنە. تا ئێستاش جەبهە وا دەزانێت دەتوانێ لە میانەی ئەو ئاژاوە گێڕییەوە، کەشێک بۆهاتنە ژوورەوەی تورکیا بخولقێنێ. ئەمەش خوێندنەوەیەکی هەڵەی دییە، کە جەبهە تێی دەکەوێ، چونکە رابەرەکانی بەرژەوەندی تورکمانیان لە سەقامگیری و سەروەریی لێبوردن و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان رەگەزە جۆراوجۆرەکانی کەرکووکیان بەلاوە جێی بایەخ نییە.

ئەمانە کە لە رێگای پێوەندییانەوە بە دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاوە پارەو سامانێکی زۆریان پێکەوە ناوە. جگە لەو گرێبەندە بازرگانییە گوماناوییانەی بەدرێژایی ساڵانی رابردوو یاری بە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری هەژارو نەداری تورکمانەوە دەکەن.

کاتێکیش دۆخەکە ئاڵۆزدەبێ، یەکەمین کەسن هەڵدێن و ژیان بەدۆلاری لە خوێن لەوتاو، لەکەنارەکانی بسفۆر دەبەنە سەر.

لە خۆشبەختی هەمووان، زۆربەی زۆری تورکمانەکان، کە بە ئاشتی لەگەڵ کوردو ئەوانی دیشدا دەژین، دژ بە هەوڵەکانی جەبهەن لە پیادەکردنی دوو بەرەکی و ئاژاوەنانەوەی نێوان پێکهاتە ئیتنییەکانی کەرکووک. خۆ ئەگەر جەبهە شەرعییەت و پشتگیرییەکی بەرفراوانی جەماوەری تورکمانی هەبوایا. ئەوا ئێستا کارەسات و ماڵ وێرانییەکی گەورەی دەنایەوە. مایەی دڵخۆشییە حزبە کوردستانییەکان رێگەیان بە خۆیان نەداوە بەرپەرچی سەخڵەتکارییەکانی جەبهەی تورکمانی و منداڵ و تواڵەکانی موقتەدا سەدر، کە زۆر پێشلکارییان کردووە،



بدەنەوە.

بۆیە لەسەر حزبە کوردییەکانە لەسەر سیاسەتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە ئیتنییەکاندا بەردەوام بن و وەڵام بە خواستی هاووڵاتییان بدەنەوەو رەفتاری هەرزەکارانەی جەبهە پشتگوێ بخەن، تا ئەو لاوانەی هەڵخەڵەتێندراون هەست بە مەترسی ئەم گرووپە سەرکێشە بکەن، کە دەزگا بیانییەکان لەسەر ژیان و دوا رۆژی تورکمانی عێراق بەگەڕی دەخەن.

ژمارەیەکی زۆر لە تورکمانەکان یەکلا بوونەتەوە لەوەی، کە جەبهە بە دروشمە ناعەقڵانی و ملکەچ کردنی تەواوی بۆ بەرژەوەندییەکانی تورکیا زیانێکی گەورەی بە مافەکانی تورکمان و پێگەی سیاسییان لە عێراقی نوێدا، گەیاندووە.

رۆژانە جەبهە بۆ دوورو نزیک دەسەلمێنێ، کە ئەو بە مەبەستی داواکردنی مافی تورکمان پێک نەهاتووە. بەڵکو بۆ بەجێ گەیاندنی نەخشە داڕێژراوەکانی ئەو دیو سنوورەوە دروست بووە، کە لە گرفت دروست کردن و دواخستنی پرۆسەی دیموکراتیزم لە عێراق، هەروەها بەرابەر بە کورد بۆ بە دەست نەهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیان، خەست دەبێتەوە.

ئەمەش ئەرکێکی دەگمەنی رێکخراوێکی سیاسییە. رەنگە هاوتای لە هەموو دنیادا نەدۆزینەوە. نوکتەیەکی کوردی هەیە گوزارشت لەم دۆخەی جەبهە دەکات دەڵێت: حکومەتێکی عێراقی بڕیاری دا مافی نەتەوەیی تورکمانەکان بدات. دەم و دەست نوێنەرانێک، کە هەڵگری بیری جەبهە بوون. خۆیان گەیاندە سەرەوە تا پرسیار لە مافەکانی کورد بکەن لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی حکومەتی نوێ. کاتێک پێیان گوتن کوردیش بە هەمان شێوە مافیان دەدرێتێ، لەو کاتەدا داخوازی سەرەکی نوێنەرانی جەبهە ئەوە بوو، مادامەکی کارەکە وایە ئەوا ئەوان هیچ

مافێکیان ناوێت بەو مەرجەی کوردیش هیچ بە دەست نەهێنن!. گوتەیەک هەیە دەڵێت، نوکتە شتێک لە راستی تێدایە. وەلێ لە حاڵەتی جەبهەی تورکمانیدا، ئەوا سەر لەبەری راستییە.

چەندان جار بینیمان کەسانێک بە ناو جەبهەی تورکمانییەوە لە بارەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە قسان دەکەن یا دەنووسن، وەلێ هەرگیز نەهاتوونەتە سەر ناوهێنانی بەندو برگە تایبەتییەکانی تایبەت بە مافی تورکمانەکان. یاسای نوێ دانی بەبوونی تورکماندا ناوە، پاش ئەوەی رژێمی پێشوو لە لایەنی دەستوورییەوە بوونیانی رەت کردبۆوە، ئەمە جگە لە مافی مەدەنی و بە هاوولاتی بوون و بەشداریی سیاسی، کە هەموو هاوولاتییە عێراقییەکان بە یەکسانی پێی بەهرەمەند بوونە.

یاسای نوێ بڕیاری فرە نەتەوەیی ولاتی عێراقی دا، کە ئەمەش داننانە بە مافی تورکمان وەک ئەوانی دی. هەروەها یاسا بڕیاری لەسەر مافی تورکمان و ئەوانی دیشدا نا، لە فێرکردنی کیژان و کوڕانیان بە زمانی دایک.

ئەمەش لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بە پێشکەوتنی گەورە دادەنرێ و تەنیا ئەوانە نایبینن، کە رقی نەتەوە پەرستیی سەرەتایی کوێری کردوون. لە بەرژەوەندی هێزە سیاسییە تورکمانییە خەمخۆرەکاندایە لە زەمینەی واقعدا کار بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەم یاسایە بکەن. لە بەرابەردا دەبینین، خواستەکانی ئەوانەی بە ناوی جەبهەوە دەدوێن، لەوەدا خەست دەبێتەوە، کە نابێ زمانی کوردی هاوشان لەگەڵ زمانی عەرەبیدا لە عێراق بە زمانی رەسمی دابنرێت. جگە لە هەڵگرتنی شمشێری داربنە بۆ پارێزگاری لە یەکێتیی عێراق و رێ نەدانیان بە بەشبەش کردنی، مەبەستیان لە مەش وەستانەوەیانە بە رووی پرانسیپی فیدراڵی، کە سەرجەم هێزە سیاسییە سەرەکییەکان پەسندیان کرد. ئەمانە ئەوە باش دەزانن. هەندێ توێژی هەمەڕەنگ و



ئاژاوەگێڕ لە کۆمەڵدا، کە بێبەشن لە ئاگاداریی لەو شتانەی لە جیهاندا روودەدەن، بەرگری لەم هزرانە دەکەن. بەڵام ئەزموون مەحاڵیی ئەم جۆرە ئاواتە قەڵبانە بە دەستەوە دەدات.

کوردیش سوورن لەسەر یەکلا کردنەوەی سەرلەبەری مافەکانیان لە عێراقی نوێدا. بێ زیان گەیاندن بە یەکێک و رێ نەدان بە کەس لە برییان چارەنووسیان دیاری بکات.

Kurdistannet کوردستان نێت

# جەبهە
# هەمیشە گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو دەکات

سروشتییە دروشم و بۆچوونەکانی هەر بزووتنەوەیەک یا ڕێکخراوێکی سیاسی لە میانەی چالاکی سیاسی و پراکتیکدا گوزارشت لەو ئامانجانەی لە پێناوی هاتنە دییاندا دەخەبتێ، بکات. بەڵام ئێمە لێرەدا باس لە گردبوونەوەیەکی سیاسی لە جۆرێکی تایبەت و ئەرکێکی دەگمەن دەکەین. ئەگەر بەرەی تورکمانی بزووتنەوەیەکی سیاسی جێ بڕوا بوایە و پێڕەوی شێوازە ناسراوەکانی کاری سیاسی بکردایا و هەستی بە لێپرسراویی سیاسی بەرابەر بەو دروشم و ڕاگەیاندنانەی بکردایا. پێویستی بەوە دەکرد بگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی سیاسی جەبهە، تا لە میانەیەوە گفتۆگۆمان بکردایا.

وەلێ چونکە بە ناتەواوی بووە و دەست کورتە لە ئەزموونی سیاسی و لە خەباتدا، ڕێی سیاسی سیاسەتی منداڵانەی گرتە بەرو دروشم و ئامانجگەلی خەیاڵیی وای بەرز کردۆتەوە، کە لە توانای لە مێژینەترین و گەورەترین بزووتنەوەی سیاسی عێراقیدا نییە تەنانەت بەشی کەمی ئەو داخوازییانە بێنێتە دی.

داخوا بە گردبوونەوەیەکی کاریکاتێریی وەکو جەبهەی تورکمانی دەکرێت!

لەبەر ئەمەو بەهۆی هەڵە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و گۆڕانە



سیاسییەکانەوە و هاوسەنگی هێزەکان، دەبینین بەو سیاسەتە چەوت و دروشمانەی بەرزی کردوونەتەوە. هەمیشە گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو دەکات. گەورەترین زیانی بە بزووتنەوەی سیاسی تورکمان وەکو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ئامانجی بەدی هێنانی مافە ڕەواکانییەتی لە عێراقی نوێدا، گەیاندووە.

ئەمەش لە میانەی ئەو پرۆسە سیاسییەی بە درێژایی ساڵی ڕابردوو عێراق بە خۆوەی بینی، بە ڕوونی دەرکەوت.

لەگەڵ ئەو هەموو شیوەن و قوڕپێوان و تاوانبارکردنی لایەنە سیاسییەکانی دی بە تایبەت لایەنە کوردییەکان، باش دەزانێ، کە لێپرسراوی یەکەمە بەرابەر بەو بەشخورانەی تورکمانەکانی گرتەوە. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەریان لە ئەنجوومەنی حوکمدا نییە. وەکو جەبهە بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە خاتوونێکی نیمچە نەخوێندەوار نوێنەریانە و لە کاتێکدا تورکمان ژمارەیەکی باشی ئەکادیمی و سیاسی واقع بینیان تێدایە کە دەتوانن بە شێوەیەکی باشتر ئەم کارە بەڕێوەببەن.

دوا وڕێنەی ئەو خاتوونەش لە شاشەی یەکێ لە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکانەوە ئەوە بوو، کە تورکمان بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب، چونکە ئەوی لە قسەکردن پێشی کەوت کوردێک بوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە کورد ڕێز لە نەتەوەی عەرەب دەگرن، بەڵام عەرەب نین، بەڵکو میللەتێکی سەربەخۆن و هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە دەژین. هەروەها ئەو خاتوونە خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو تا پۆستی وەزارەتی بەرگری وەربگرێت. دەڵێین، ڕەحمەت لەو کەسەی قەدری خۆی بزانێت.

بەرزکردنەوەی دروشمی خەیاڵی و کاریکاتێریی لەلایەن جەبهەوەو دژایەتی کردنی ئەوانی دی، لە ڕێگەی چاندنی ڕۆحی دووبەرەکی و

هەڵمەتی هات و هاوارەوە، لە هەمووشی گرنگتر بەستنەوەی چارەنووسی بە پرۆژەو چاوبرسێتی کۆڵۆنیالی تورکی و بانگەواز بۆ هاتنە ژوورەوەی هێزە بیانییەکان و داگیرکردنی خاکی عێراق، ئەم هۆیانە بەسن بۆ ئەوەی جەبهە بە رێکخراوێکی گومان لێکراو و دەست کورت تا ڕادەی کەمترین پلەی راستگۆیی سیاسی و ئینتیمای نیشتمانیی، دابنرێت.

تەنانەت پاش تێکشکانی پلان و پرۆژە شەڕانگێزە تورکییەکان و وەستانەوەی عێراقییەکان بە ڕوویا، دەبینین جەبهە لە بری چاککردنی شێوەکەی لای رای گشتیی عێراقی، تا ئێستاش بەردەوامە لە بانگکردنی تورکیا بۆ داگیرکردنی عێراق، ئەنجاش لە بری وازهێنان لەو خەیاڵبازییەو دروشمگەلی نەتەوە پەرستیی داواکەوتوو و نواندنی واقیعییەتی سیاسی، کەچی دەبینین بەردەوامیی بە رەوتی پێشووی زیانبەخش بە مافەکانی تورکمان، دەدات.

لەم دیدەوە دەستی بە گەڕان بە دووی لایەنە نەفرەت لێکراوەکان کرد، تا هاوپەیمانییان لەگەڵدا ببەستێت، تایبەت ئەوانەی، کە هاوهەڵوێستن لەگەڵیدا دژ بە مافەکانی نەتەوەی کورد. چوو هەندێ لە پیاوانی بەعس و موخابەراتی لە حەویجەوە برد بۆ تورکیا، تا قەناعەت بە لێپرسراوانی تورک بێنێت، پشتگیری ئەم هاوپەیمانییەی دژ بە کوردی کەرکووک بکەن. هەروەها جەبهە وەکو گردبوونەوەیەکی هەلپەرستانەو بێ بڕوا، لەگەڵ ئەو پیرۆزبییەی بە علمانییەت و پرانسیپەکانی مستەفا کەمالی دژ بە ئایینی ئیسلام داویانە، خەریکە لە ناوەندەکانی سەلەفیی سوننی نزیک دەبێتەوەو لە هەمان کاتدا نامەو دادو فریادی هەڵبەستراوی پڕ لە درۆ و چەواشەکردنی راستییەکان دژ بە کورد، بۆ مەرجەعە ئاینییەکانی شیعە بنێرێت، بەسوود وەرگرتن لە ناوی تورکمانە شیعەکان و نزیک کردنەوەی هەندێ لەو رووە دیارانەی بە دوای بە دەست هێنانی



پێگەیەکن لە مەیدانی سیاسی عێراقدا.

هاوپەیمانیی جەبهە لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس و منداڵ و تواڵەکانی موقتەدا سەدر و زۆرێک لەوانەی بە بۆنەی لابردنی سەدامەوە بە تایبەت لە کەرکووک لە بەرژەوەندییان درا. لە رێگەی چەندین خۆپیشاندان و چالاکی هاوبەشەوە، کە ئەم گرووپانە پێی هەڵسان. ئالێرەشدا جارێکی دی گرەوی دۆڕاوی جەبهە بەدەر دەکەوێ. جارێکی دی پاشماوەکانی بەعس و رژێمی گۆڕی بە کۆمەڵ مەحاڵە بگەڕێتەوە، تا جارێکی دی دەسەڵاتیی عێراق بەدەست بگرنەوە. هەروەها رەوتە سەلەفییە سونییەکان و منداڵ و تواڵەکانی موقتەدا سەدریش هیچ بەرنامەیەکی سیاسییان نییە. کە خزمەت بە عێراقییەکان بگەیەنێت. ئەوی لە توانای ئەم هێزانەدا بێت پێشکەشی بکەن تەنیا ئاژاوەگێری و سەرکوت و وێرانکاری و خوێن رشتنی زیاترە.

بۆیە لە بەرژەوەندی تورکماندایە، جەبهە لە ریزەکانی خۆیان وەدەرنێن، تا چیدی زیان بە خۆیان و بە دوا رۆژی نەوەکانیان نەگەیەنێت. جەبهە لە دژایەتییەکی گەورەدا دەژێت، لە نێوان خۆهەڵکێشان لێرەو لەوێ و لە نێوان ئەوەی، کە لەسەر داخوازی و راوێژی ئەفسەرە پێوەندیدارە تورکەکان لە کەرکووک و ئەوانەی لە پێوەندی راستەوخۆدان بە دەستەی ئەرکانی سوپای تورکی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکییەوە، گوتاری سیاسی بەرەی تورکمانی گوزارشت لە نەتەوە پەرستییەکی دوا کەوتووی نقوم بوو لە رەگەزپەرستی و دژایەتی ئەوانی دی دەکات. هێندە جیاوازی نییە لەگەڵ دوا کەوتوویی هۆتۆ و تۆتسی.

ئەم گوتارە بێ لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوخۆی عێراق، دەیەوێ دەقاودەق لاسایی چەمکەکانی رەگەزپەرستیی تورکی بکاتەوە، هەروەک چۆن جەبهە جیاوازی ناکات لە نێوان تورکەکانی تورکیا وەکو

نەتەوەیەکی زاڵی خاوەن دەوڵەت و دەزگای سەرکوتی تۆقینەر. کە بەهۆیەوە سەرکوتی ئەوانی دی دەکات و هەوڵی بێدەنگ کردنیان دەدات، لەگەڵ تورکماندا وەکو کەمینەیەکی نەتەوەیی بچووک لە عێراق، لەگەڵ کورد و عەرەب و کلدان و ئەوانی دیدا دەژێت. ئەگەر بۆچوونەکانی جەبهە لەسەر یەکێتیی عێراق لە بەرچاو بگرین، ئەوا خزمایەتی تورکەکان لە تورکمانی عێراقەوە دوور نییە.

(ئەمەش بیردۆزێک بوو نازیزمی ئەڵمانیاو فاشیزمی ئیتاڵیا پێوەی پێوەست بوون. زانستی نوێ گەوجەیی و نادروستی ئەو بیردۆزەی سەلماند. ئێستا هەموان لە ناویشیاندا نەتەوە پەرستە توندڕەوەکان خۆیان لە وتنی دەپارێزن، تا بەرەگەزپەرست و نازی تاوانبار نەکرێن، کەچی جەبهە بەهۆی نەخوێندەواریی پیاوەکانییەوە شانازی بەقسەکردن لە بارەیەوە دەکات).

دەڵێین خۆ ئەگەر بۆچوونەکانی جەبهەشمان لەم بارەیەوە لەبەرچاو گرت، ئەوا پێوەندییەکانی تورکمان بە ئۆزبەگ و کازاخ و ئازەرو قرغیزو تورکەوە ناگۆڕێ لەگەڵ پێوەندی روس بە پۆلۆنی و چیک و بولغار و سلۆڤاک و سربەوە، ئەڵمانییش بە دانیمارکی و هۆڵەندی و ئینگلیز و سویدی و کوردیش بەتاجیک و فارس و پشتۆن و ئۆسیتین و ئەوانی دیشەوە. گەلانی سلاڤی تێکرا دژی دەسەڵاتی روسی راپەڕین، کەچی کۆمارەکانی ئۆزبەگستان و کازاخستان و قرغیز و تورکمانستان لە پاش هەرەسی یەکێتیی شوورەوی یەکیان نەگرت. سەرەک کۆماری تورکیاش ناتوانێ بێ وەرگێڕ لەگەڵ سەرانی ئەم وڵاتانەدا بدوێت. جەبهە کەنگێ لەم راستی و بەڵگە نەویستانە دەگات و واز لەو قسە بێ سەروبەرو پڕوپووچانەی مێشکی کوڕان و نەزانەکانیانی پێ پڕ کردۆتەوە، دێنێت؟

لەسەر پیاوانی جەبهەیە ئەو راستییە سادەو ساکارە باش بزانن، کە کورد و عەرەب و کلدانی عێراق نزیکترن لە تورکمان وەک لە ئۆزبەکێ



یا کازاخێ یا تورک یا ئازەرێ، یا ئەوانی دی. کە بە یەکێ لە زمانەکانی ئەڵتای دەدوێن. ناڕاستی ئەو عروبەوییانە بەدەرکەوت. کە دەیان ساڵە بانگەشەی ئەوە دەکەن، مۆریتانی و سودانی و یەمەنی نزیکترن لێیانەوە وەک لە کورد یا تورکمان یا کلدان. دەبینین ئەوانە وا خەریکن هێواش هێواش واز لەم بۆچوونە دیماگۆگییانە دێنن، چونکە ژیانی هاوبەشی دەیان ساڵە تۆڕێکی وای لە پێوەندیی مرۆیی لەم جوگرافیا هاوبەشە لە نێوان خەڵکەکەدا خولقاند لە توانای هیچ کەسێکدا نییە ئەگەر خۆیشی بیەوێت بەسەریا بازیدا یا لێی رزگار بێت. ئەی ئەو کەسانە چۆن، کە بەلای کەمەوە تا ئێستا ئەوەیان ناوێت؟

لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا بە چاوی خۆم بێ ئومێدی زۆرێک لە تورکمانەکان و ئەو حەپەسانەی لە سۆنگەی تورکەکان و تورکیاوە بەرەو رووی بوونەوە بینی، گوێم لە گفتوگۆی ئافرەتە تورکمانەکان بوو، کە چۆن بە سەرسامییەوە لە بارەی تورک و تورکیاوە دەدوان، لە کاتێکدا ئەوان پێشتر لە رێگەی پڕوپاگەندەی ئەندام و کۆڕو کۆبوونەوەی هاوشێوەی جەبهەی تورکمانییەوە وێنە گەلی فەنتازییان وێنا دەکرد.

هەر لەو کاتەدا من هەڵدەستام بە وەرگێڕانی قسەکانی پزیشکە تورکەکەی یەکێ لە نەخۆشخانەکانی شارۆچکەیەکی تورکیا، بۆ زۆرێک لەو تورکمانانەی، کە هیچ لە قسەکانی نەدەگەیشتن. زمانی گوتاری جەبهە، زمانێکی بازاڕیی پڕ لە جوێن و هەوڵی بەزاندنی ئەوی دییەو دەستکورتە لە هەر لێکدانەوەیەکی سیاسی یا هزری قووڵ بۆ دۆخەکەو هەڵوێستە سیاسییەکانی. نوێنەرانی جەبهە وەکو تووتی و خەیاڵ پلاوێک، کە خۆیان دروستیان کردووە دەیلێنەوەو، هەندە وتیانەوە تا بڕوایان بە خۆیان کرد، کەچی پشت بە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و

جوگرافی یا زانیارییەکی ئاماری نابەستن.

درۆی گەورە لە گوتاری جەبهەی تورکمانیدا لاف لێدانی دڵسۆزییە بۆ یەکێتیی عێراق و کارکردنێتی بۆ پاراستنی، هەموو دەزانین، کە تورکیا دەزگا ئیستخباراتی و جاسوسییەکانی ئەو ڕێکخراوانەی دروست کرد، کە بە فەرمانی ئەو راستەوخۆ چوونە ژێر باڵی جەبهەی تورکمانییەوە. دەچێتە عەقڵی کێوە، کە ڕێکخراوێکی دروست کراو لەلایەن وڵاتێکی بیانیی و چاوبڕی بە ئاشکرا بۆ عێراق، لافی ئەوە لێ بدا، کە دڵسۆزی یەکێتیی خاکی عێراقە؟ وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بە ئاشکرا دیارن. ئەو یەکێتیی خاکی عێراقەی جەبهە مەبەستێتی یەکێتییەکی ملکەچە بۆ دەسەڵاتی هێزی داگیرکەری تورکی یا یەکێتییەکی بە زۆرەملێیە، لە گوێن (یەکێتی نیشتیمانی!) یەکەی سەردەمی سەرکردەی مێژوویی سەدام حوسێن! عێراقییەکان بەگشتی نەک هەر دژ بە هاتنە ژوورەوەی هێزەکانی تورکیا بۆ عێراق راوەستان، بەڵکو ئەمریکییەکان و سەرکردایەتی هاوپەیمانانیان لە عێراق ناچار کرد واز لە بیرۆکەی پشت بەستن بە تورکیا بۆ پاراستنی ئاسایش لە هەر کوێیەکی عێراق بێنن.

ئەم هەڵوێستەی عێراقییەکان هەر تەنیا وەڵامدانەوەیەک بە حەزی کورد، کە بە توندی دژ بە هەر دەستێوەردانێکی تورکی نەبوو، بەڵکو سەر لەبەری عێراقییەکان بە ئەزموونی دەوڵەمەندی مێژوویی خۆیانەوە درکیان بە قەبارەی ئەو مەترسییە کرد، کە دەشێ هەر دەستێوەردانێکی تورکی لەسەر دوا رۆژی وڵاتەکەیان دروستی بکات... جەبهەی تورکمانی تا ئێستاش تەنیا لایەنە، کە نەک هەر بە خێراتنی هێزی تورکی بۆ داگیرکردنی عێراق دەکات، بەڵکو هەموو توانای دەخاتە گەڕ بۆ دووبەرەکیی نانەوەو ئاژاوەگێڕی و قەیران و گرژی، تا دەگاتە زەمینەسازیی لەبار بۆ دەستێوەردانی تورکی، پاساوی جەبهە بۆ ئەم کارانە پاراستنی تورکمانە لەو مەترسییانەی، کە بوونیان نییە مەگەر



تەنیا لە عەقڵی سەرکردەکانی جەبهەو ئەوانەی لە ئەنقەرەوە لە دوایانەوەن بوونیان هەبێت.

بەڵام چۆن دەکرێت لایەنێک لافی کارکردن بۆ پاراستن و یەکێتی عێراق لێ بدات، بەخێرهاتنی هێزی بیانی بۆ داگیرکردنی خاکی عێراق بکات؟

جەبهە شەرم ناکات، کە بەراشکاوی رادەگەیەنێت، هاتنی هێزی تورکی لە بەرژەوەندی یەکێتیی عێراقە، یاخود هێزەکانی تورکیا بە مەبەستی ئینسانی دێنە وڵاتەوە!!.

ئایا لە دنیایا ڕێکخراوێکی سیاسی هەیە رۆڵی قونسوڵی سەر بە وڵاتێکی بیانی بگێڕێت؟

هەموو دەزانین، کە جەبهە لە پێشداو تا ئێستاش ڤیزەی تورکی بەرابەر بە ٦٠٠ دۆلار دەفرۆشێت، ئەگەر چی تۆڕی مافیای ناو جەبهە بڕێک لەم پارەیە دەبات، وەلێ بەشی شێری دەچێتە گیرفانی ژەنەراڵە تورکەکانەوە. لە نێوان ژەنەراڵەکان و پیاوانی جەبهەدا ڕێکەوتنێک هەبوو، بۆ پێشکەش کردنی زانیاری تەواو لەسەر ئەو کەسەی، کە ڤیزەی تورکی پێ دەدرێت.

هەروەها جەبهە لەسەر ئەو کەسانەی، کە ڤیزەی پێ دەفرۆشتن راپۆرتی دەدا، بێ لەبیرکردنی ئەوەی، کە بە تورکمان ناونووسیان بکات، ئەگەر خەڵکی سلێمانی یا بەسرەش بوونایا. هەر چ کەسێک لە دە ساڵی رابردوودا لە ڕێگەی تورکیاوە دەرچووبێت دەتوانێ بزانێ، کە لەسەر بنەمای زانیاریی جەبهەی تورکمانی، لە تۆماری میتی تورکیدا بە تورکمان ناونووس کراوە. ئایا دەکرێ ئەم ئەرکەی بەم ڕێکخراوە سپێرراوە، جگە لە کرێگرتەیی بۆ تورکیا بەچی دی ناو ببرێ؟ خۆ جەبهە هیچ ئەگەرێک بۆ پاساوی ئەم کارە دزێوەی شک نابات، چونکە لە ئەنجامدانی کارگەلێک، کە لەناو جەرگەی ئەرکی دەزگاکانی سەر بە

دەوڵەتێکی بیانییەوە هەڵدەقوڵێن، سامانێکی زۆریشی لە هاووڵاتییە عێراقییەکان بۆ حیسابی ژەنەراڵە بیانییەکان بە تالاَن بردووە و بە هەلزانینی پێویستی خەڵکەکە بە هەلاتن لە زوڵمی رژێمی بەعس، یاخود گەشت کردن بە مەبەستی چارەسەری، تا بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندی ولاتێکی بیانی بیانروێنێتەوە، هەندێ حاڵەتیش هەن جەبهە خەڵکی تێدا فریوداون، پارەی لێ سەندوون وڤیزەشی پێ نەداون، باوەڕ ناکەم لە دوارۆژدا هیچ حکومەتێکی عێراقی پاساو بۆ ئەم رەفتارە سیاسییانەی جەبهەی تورکمانی یا هەر بزووتنەوەیەکی دی بێنێتەوە و داواش لەو خەڵکانە نەکات، کە بەهۆی سیاسەتی چەوتی جەبهەوە زیانیان پێ گەییوەو دووچاری رووتاندنەوە و قوڵ بڕین هاتوونە، پارەکانیان لە جەبهە نەستێننەوە.

بەڵگەو زانیاری یەکلاکەرەوە هەن، کە پێوەندی جەبهە بەمیتی تورکی و بەجێگەیاندنی فەرمانەکانیان دەبەڵگێنن. هەروەها دامودەزگاکانی جەبهەو هەوادارانی لە دەرەوە پێوەندی راستەوخۆیان بە دەزگا نهێنییەکانی باڵیۆزخانە تورکییەکانەوە هەیە. دەزگای ئاسایشی باڵیۆزخانە تورکییەکان لە هەندێ لە ولاتە ئەوروپییەکاندا پێوەندییان بە گەلێک لە پشتیوانانی جەبهەوە کردووە، لەوانەی لە کاتێکدا لە تورکیا بەمەبەستی وەرگرتنیان بە پەناهەندە لە ولاتێکی دیدا مابوونەوە. بەسیج کرابوون، تا یەکسەر پاش رووخانی سەدام بگەڕێنەوە کەرکوک، پاش ئەوەی ئەرکی دیاری کراو و بلیتی گەشت کردن و پارەیەکی زۆریان پێ بەخشین.

ئەم زانیارییانە زۆریان لە رێگەی درکاندنیانەوە بۆ دۆست و برادەرەکانیان لە هوڵەنداو ئەڵمانیاو بەریتانیا و دانیمارکەوە بڵاو بوونەتەوە.

بۆیە درۆو فیشاڵەکانی جەبهەی تورکمانی دەربارەی دڵسۆزی بۆ



یەکێتی عێراق جگە لە پەردەیەک بۆ تێپەڕکردنی سیاسەتگەلی دی کە لەلایەن میتی تورکییەوە ئاراستە کراون، هیچی دی نییە.

گوتاری سیاسی جەبهەی تورکمانی لە هەموو روویەکەوە پابەندە بە درۆکردن، جارێک دەبێتە بزووتنەوەیەکی خەباتگێڕی دژ بە دیکتاتۆرییەت بە شێوەیەک کە هیچ بزووتنەوەیەک هەندەی ئەم رووبەڕووی دیکتاتۆرییەت نەبووبێتەوە، ئەویش کە گوێی لە جەبهە دەبێت وا دەزانێت، جەبهە لە پێشەوەی راپەڕین و شۆڕشەکانی عێراقەوە بووە، هەر چەندە لە دوادوایی سەدەی رابردوودا بەدەر کەوت.

زۆر جار قسەکانی جەبهە دەربارەی قارەمانێتییەکانی جێگای پێکەنین و گاڵتەجارین، چونکە لافی ئەوە لێدەدات، کە تارماییەکانی (دەڵێم تارماییەکان، چونکە کەس نەیانی بینیوە) کەرکووکیان لە شەوی نەورۆزی ساڵی ١٩٩١دا لە زۆرداریی بەعس ئازاد کرد.

بێگومان دوور و نزیک ئەوە باش دەزانن، کە کێ بەم کارانە راپەڕی و ئیزگەکانی تەلەفزیۆنی جیهانی چۆن وێنەی داستانەکانی پێشمەرگەیان دژ بە مێگەلەکانی بەعسی رووخاو دەگواستەوە، کەچی لە هەندێ هەڵوێستی دیدا دەڵێت، لە ئاگر بەستێکی هەمیشەییدا بوو و هەرگیز چەکی دژ بە هیچ حکوومەتێک بە حکوومەتی بەعسیشەوە هەڵ نەگرتووە، وەکو ئەوانی دی!!.

مەبەستی جەبهە لەم قسەیە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە، کە بەرەورووی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان و تایبەتیش حزبی بەعس بووەتەوەو لەم رێگەیەدا ئەوەندە شەهیدو قوربانی بێ ئەژماری داوە، کە بەلای کەممەوە هەندەی ژمارەی هاونیشتیمانانی تورکمانی عێراق دەبن. کورد هەمیشە شانازی بە خەباتییەوە دەکات، دژ بە بەعس و مێژوو و رۆڵی ئازایەتییان لە پێکدادانەکانیان دژ بە دەسەلاتی سەدام حوسێن بە نەمری دەهێڵێتەوە، سەرەڕای ئەو شالاوی شێواندن و

پەشۆکاندنەی ئێستا لایەنە سیاسی و ڕاگەیاندنە هەمەڕەنگەکان پێی هەڵدەستن.

هەموو عێراقییەکان لە ئایندەدا پێ دەزانن، کە کورد چەندە خزمەتی بە عێراق و مرۆڤایەتی کردووە، لە میانی خەباتی قارەمانانەیانەوە دژ بە سەدام حوسێن و دارودەستە ستەمکارەکەی. جەبهە هیچی لە خەبات نەزانیوە جگە لە ڤیزە فرۆشتن و خزمەت پێشکەش کردن بە میتی تورکی و عێراقی، ئێستاش دەیەوێ هەمان ڕۆڵ یاری بکات، وەلێ ئەمجارەیان بۆ لایەنی کەم پایەتر و بێبایەخ تر.



# جەبهە و
# درۆی کورداندنی کەرکووک

یەکێ لەو درۆ گەورانەی بەرپرسان و هەوادارانی جەبهەی تورکمانی لە پاش چەند مانگی دوای رووخانی ڕژێمی بەعسی لە گۆڕنراوەوە بە زۆری دەیلێنەوە، هەوڵی کورداندنی کەرکووک و دەست بەسەراگرتنییەتی. کەناڵە ئاسمانییە عەرەبی و خامە شۆڤێنیستەکان وەک خووی هەمیشەییان ئەم درۆیەیان قۆستەوەو لەلای خۆیانەوە بانگەشەو شیکارگەلی زۆری سیاسی و سەربازی و ئابوورییان نایە سەر. لایەنەکانی ئەم هەڵمەتە سڵیان لە پەنابردن بۆ هەموو شێوازەکانی وەکو بڵاوکردنەوەی بەندوباوی کڕینی موڵک و زەوی وزار لە کوردستانی عێراقدا لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە، نەکردەوە.

جێی سەرسوڕمانە، کە ڕۆژنامە تورکییەکانیش هەر بۆ وروژاندنی هەرچی و پەرچی و ئاژاوەگێڕەکانی ناو عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان، ئەوانی بڕوا بە هەر شتێک دەهێنن، بێ ئەوەی لێی وردببنەوە یا لێی بکۆڵنەوە، ئەمە لە کاتێکدا کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان سەدان پرۆژەی ئابووری و دامەزراوەی دارایییان لە تورکیا هەن. جگە لەوەی کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان هاوبەشی سەرەکین لە بنیاتنانی چەندان بەنداو لەسەر

دیجلەو فورات، کە لە پرۆژەی GAPدا هەن.

ئەم پڕوپاگەندانە هەند بێ نرخن، تەنانەت شایانی وەڵام دانەوەش نین.

جەبهەی تورکمانی لە میانەی ئەو شاڵاوی ڕێ پێ هەڵەکردن و پەشۆکاندنەی لە میدیاکانی ڕاگەیاندنی تورکی و عرووبەوییەوە دەیەوێ ڕاستییە پێوەندیدارەکان بە بارودۆخی کەرکووکەوە بشێوێنێ. هەمیشە جەبهە ئەوە دەڵێتەوە، کە کورد دەستیان بەسەر دامودەزگاکانی کەرکووکدا گرتووە. کەچی تورکمانیش پەراوێزخراون. لە بەدبەختی جەبهە خەڵکی بە چاوی خۆیان بارودۆخەکە دەبینن، ناشتوانرێ وەکو سەردەمی سەدام حوسێن ڕاستییەکان بشاررێنەوە.

وا دیارە جەبهە هێشتا ئەوە نازانێ، کە چەواشەکردنی خەڵکی لە سایەی کۆمەڵگای کراوەو میدیای ئازادەوە کارێکی تا بڵێی زەحمەتە.

ژمارەو زانیاری پێوەندیدار بە ڕێژەی کارمەندو بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی کەرکووک، کە لەم وتارەدا ئاماژەیان پێ دەکەم ڕاستی قسەکانمان و درۆکانی جەبهە بەدەردەخەن. تورکمان هیچ کات زیاد لە پێنج یەکی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووکیان پێک نەهێناوە ئەمەش بەپێی ئەو ئامارە فەرمییە، تا ئێستا تورکمان دەست بەسەر ڕێژەکانی زۆر لە ئیش و کارو پلەو پایەی فەرمی لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا دەگرن. کە پتر لە قەبارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانیانن.

ئەم حاڵەتەش گوزارشت لە پێکهاتەی ئیتنی دانیشتووانی پارێزگاکە ناکات. بەڵکو پەیوەست بووە بەو هەلومەرجە مێژوویی و سیاسییەی پارێزگاکە پێیدا تێپەڕیوە.

حکوومەتە عێراقییە یەک لە دوای یەکەکان چەند پێیان کرابێت لە هەوڵی پەراوێزخستنی ڕۆڵی کوردو کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە کەرکووک بوونە.



هەر لە ساڵی ١٩٦٣وە شاڵاوی بە ئاشکرا بۆ دوورخستنەوەی کورد لە بەدەست هێنانی هەر پلەو پایەیەک یا ئیش و کارێکی گرنگ لە کەرکووک، دەستی پێکرد. لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییداو لە ژێر سایەی پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی دژ بە کورد، فەرمانبەرە کوردەکان بۆ یەکجاری لە کارکردن لە ناو شاری کەرکووک و پاشان لە پارێزگاکەش دوور خرانەوە. عەلی کیمیاوی لەم بارەیەوە بە ڕوونی دواوە، ئەمەش لەو نەوارەی، کە مێژووەکەی بۆ نیسانی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە، لە سەر هەوڵە هەڵاوێردەکەیەوە بۆ زیاد کردنی ژمارەی عەرەبە هاوردەکان و دەرکردنی کوردەکان لە کەرکووک و بەرگرتن لە کارکردنیان لە دەرەوەی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی (بەپێی قسەی ئەو).

هەروەها سەدان بڕیارو نووسراوی فەرمی، کە ئەنجوومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش و نووسینگەی کاروباری باکوورو پارێزگای کەرکووک و دەزگاکانی ئاسایش و حزب دەری کردوون. بەڕاشکاوی ئاماژە بە پرۆسەی کۆچ پێکردن و دەرکردنی کورد لە شارەکەو زەوت کردنی ماڵ و موڵکیان و ڕێگەگریی لە کڕینی خانووبەرە یا نۆژەن کردنەوەی ماڵە داڕووخاوەکانیان یا کردنەوەی نانەواخانە یا دوکان یا سەرتاشیی یا هەر ڕێگەیەکی دی بۆ نان پەیدا کردن. هەروەها نووسراو گەلی نهێنی فەرمییش هەن، کە لە هەمان ئەو دام و دەزگایانەوە دەرچوونە، تێیاندا هاتووە ئاماژە بە هەڵاوێردەیی (استثناء) هاووڵاتییە تورکمانەکان دەکات.

بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە کەس لە تورکمان دووچاری ئەو بڕیارە سەرکوتکەرانەیەی ڕژێمی بەعس، کە هەموانی گرتەوە، نەهاتبێت. لێ بەراورد لەگەڵ ئەوەی کورد بە دەست بەعسەوە گیرۆدە بووبوو و بەسەری هات، نەشیاوەو دوورە لە ڕاستییەوە. خواستی

جەبهەی تورکمانیش بە گەڕانەوە بۆ دۆخی بەر لە ٩ی نیسان، ئاماژەیەکی ناژیرانەیە بۆ ئەو کارە.

هەموان خۆشحاڵن بە گەڕانەوەی هەزاران عەرەبی زۆنگاوەکان و دەیان هەزار لەوانەی کۆچیان کرد یا ناچار بە هەڵاتن کران بۆ ئێران و پەناهەندە عێراقییەکانی سعودیەو سوریا و لوبنان و چەندان هەزار شیعەی تورکمانی گەڕاوەی بێشیرو تسعین و شوێنانی دی، کەس تەنانەت بیریشی بۆ ئەوە نەچوو، کە بەر بە گەڕانەوەی خەڵکی بۆ گوندو کێڵگەوماڵەکانیان بگرن. تەنیا لە حاڵەتی گەڕانەوەی هەندێک لە ئاوارەکانی کورد نەبێت. ئەوانەی کە بە زۆرو بەبەر چاوی جیهانەوە ساڵانێکی درێژی تەمەنیان لە ژێر چادردا بردە سەر، بە گەڕانەوەیان بۆ کەرکووک، شاڵاوی شوون پەشێوی و بوختان و قسەکردن لە بارەی (کورداندن)ی شارەکەوە دەستی پێکرد.

ئەوانە زۆر بە هەڵەدا چوونە، کە لەوبڕوایەدان ئەو خەڵکانەی لە ماڵ و حاڵی خۆیان بەزۆر دەرکراون، واز لە مافی رەوای خۆیان دێنن و ناگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و زێدی خۆیان. لەوە دەکا جەبهەی تورکمانی باوەڕی وابێ دەکرێ سوود لە ئەنجامەکانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی، کە حزبی بەعس بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی پیادەی کرد، ببینێت. وا پێ دەچێ یەکێ لەو قسەلۆکانەی زیاتر جێی گاڵتە جاڕی بێت، ئەوەیە کە لەم دواییەدا جەبهە دەیگوتەوە، هێنانی کوردی ئێران و تورکیایە بۆ نیشتەجێ کردنیان لە کەرکووک.

رەنگە جەبهە تەنیا لایەنی سیاسی بێت بتوانێ بەم شێوەیە مناڵانەیە درۆهەڵبەستێ، بۆ بەدرۆخستنەوەشیان هێند زرنگی ناوێت. خەڵکیش بەم ئاسانییە زێدی خۆیان و باوباپیریان بەجێ ناهێڵن. ئەو وڵاتانەی پێیان لەسەر سینگی کورد داناوەو هەناسەکانیان دەژمێرن و تاوانیان دەرهەق دەکەن و لە هەر کوێیەک بن دژایەتی خواستەکانیان دەکەن و



دەیان پیلان لە رێگەی ئەو گرووپانەوە، کە لە شێوەی جەبهەی تورکمانین، دژ بە کوردی عێراق دەهۆننەوە، ئەم وڵاتانە چۆن لە هاووڵاتییەکانیان رادەبینن بەم شێوەیە بەبەرچاوی هێزەکانی هاوپەیمانەوە بگوێزنەوە تا ببنە داردەستێک بەدەستی بزووتنەوەی کوردی کوردستانی عێراقەوە، تا بەشداری پرۆسەی هەڵبەستراوی (کورداندن) بکەن، بێگومان جگە لە کەناڵە دنەدەرە عەرەبییەکان و هەندێ قەڵەمی شۆڤێنی زیاتر کەس بڕوایان پێ ناکات. ئەی تورکیای دایکی بە سۆزی جەبهەی تورکمانی، چۆن بەمەڕازی دەبێت پەنا بۆ کوردی ئێران و تورکیا ببەین؟

لە کاتێکدا ملیۆنەها کورد لە هەرێمی عەرەبنشینی عێراقدا هەن. لە هەشتاکانەوە (لە پارێزگای ئەنبار)، کەمپێ بۆ کوردە ئاوارەکانی ئێران و لەنەوەتەکانیشەوە (لە پارێزگای نەینەوا) کەمپێ بۆ کوردەکانی تورکیا تەرخان کراوە.

زۆرێک لە نیشتەجێیانی کەمپی یەکەم خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، ئەگەر بەمەبەستی پەناهەندەیی رەوانەی ئەوروپا یا ئەمریکای باکوور یا ئوستралیا بکرێن.

لە کاتێکدا هەوڵێکی زۆر لەلایەن UNەوە لەگەڵ تورکیا و هاوپەیمانان دراوە، بەمەبەستی گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەمپی دووەم بۆ تورکیا.

واتە هیچ یەکێک لەو کوردانەی لەسەر خاکی عێراقدان حەزیان بەمانەوە یا رۆیشتن بۆ کەرکووک (بۆ کورداندن) نییە، وەکو جەبهەی تورکمانی بانگەشەی بۆ دەکات. ئەی ئەوانە چۆن، کە لەو دیو سنوورەوە دەهێندرێن؟

جەبهە وا دەزانێت بەبڵاوکردنەوەی ئەم درۆ و دەلەسەو قسەلۆکانە دەتوانێ بەر بە پرۆسەی گەڕانەوەی ماف بۆ شوێنی شیاوی خۆی

بگرێت. ڕێکخراوەکانی UN و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و ئاوارەکان ژمارەی کوردانی کەرکووک باش دەزانن ئەوانی لە نەوەتەکانەوە تەنیا بۆ ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان راگوێزران ژمارەیان گەیشتنە نزیک بەسەدو پەنجا هەزار کەس.

بەرابەر بەهەمان ژمارەش ئەو هەزاران هەزار کوردەن، کە گوێزرانەوە بۆ ناوچە عەرەبنشینەکانی رۆژئاواو ناوەڕاستی عێراق. توێژینەوەی زۆر لای ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان و دەسەڵاتی هاوپەیمانان لە بارەی کوردە راگوێزراوەکانی عێراقەوە هەن. هەروەها زانیارییەکی ورد لەسەر ژمارەی راگوێزراوەکانی کەرکووک و ئەوانی دیشەوە هەن. تا ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو نالەبارییەی تێیدا دەژین لە چاوەڕوانی چارەسەرێکی گونجاوی گرفتەکانیاندا دەتلێنەوە.

قەبووڵکردنی ئەم هەموو دواکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ پشت بەستنیان بە بانگەوازی دڵسۆزانەی سەرکردە سیاسییە کوردەکان، کە حەزیان بە پشت بەستنە بە چارەسەری یاسایی و مرۆیی بۆ ئەو کارەساتەی ڕژێمی مرۆکوژو تاوانکاری بەعس لە پاش خۆی بۆی بەجێ هێشتین.

راگەیاندنەکانی لێپرسراوانی جەبهە لە بارەی کوردی کەرکووکەوە نەزانیی زەق بە پرانسیپەکانی جوگرافیای دانیشتوان و بارودۆخی دیموگرافی عێراق نیشان دەدەن. چونکە ناوبەناو بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە کوردێکی زۆر روویان لە شاری کەرکووک کردووە، هاوکات لە قەزاو ناحیە و گوندەکانیشەوە. بۆیە ژمارەیان زۆر بووە لە شارەکە، ئەمەش بەپێی قسەی نووسەرۆکەکانی جەبهەی تورکمانی.

ئەم قسانە پشت بە هیچ راستی و زانیارییەکی ئاماریی نابەستن، من لە چەند لاپەڕەی داهاتوو لەسەری دەڕۆم. وەلێ گریمان بەم قسەلۆکانەی جەبهە قایل بووین. باشە داخۆ دیاردەی کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار دیاردەیەکی عێراقی یا جیهانیی گشتیی نییە؟



شارەکانی عێراق لە مەڵبەندێکی بچووکی دانیشتوانەوە بوونەتە گەورە شاری وا سەدان هەزار کەس لە خۆبگرێت. کەرکووکیش لەم بوارەدا لەگەڵ ئەوانی دیدا جیاواز نییە. تەنیا بە زیاد بوونی ناسروشتی ژمارەی دانیشتووە عەرەبەکانی نەبێت. بەهۆی پرۆسەی هاوردنی ژمارەیەکی زۆریانەوە بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و کەمکردنەوەی ژمارەی کورد بەدرێژایی چل ساڵی رابردوو بە شێوەیەکی دراماتیکی بە هۆی بەزۆر راگوێزانیانەوە لە کەرکووک و زۆرێک لە شوێنەکانی دی. هەروەها لە سییەکانی سەدەی رابردووەوە کەرکووک بووە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ راکێشانی دەستکارە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە.

ئێستا ژمارەی دانیشتوانی هەولێر نزیکەی ملیۆنێک دەبێت، هەر چەندە بەر لە سی ساڵ دووسەد هەزاری تێ نەدەپەڕاند. بۆیە دەکرێ هەمان شت بۆ سلێمانی و مووسڵ و بەغداو شوێنانی دیش بڵێین.

کۆچ کردن لە گوندەکانی کەرکووکەوە بۆ ناوشار بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی بە عەرەب کردن هەمان شێوەی ئەو کۆچکردنە بوو، کە لە پارێزگاکانی عێراقدا دەستی پێ کرد بوو.

بە پێچەوانەی قسەکانی جەبهەی تورکمانییەوە، کۆچکردنی شەپۆلی جووتیاران و کرێکارانی کورد بۆ ناوشار پلانێکی دارێژراو نەبوو، ئەم کوردانەش ئەگەر لە ناوشار یا لە قەزاو ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری نیشتەجێ بووبن، لە هەر پرۆسەیەکی سەرژمێریدا بە دانیشتووی رەسەنی شارەکە دەژمێررێن.

کورد خوازیاری نەهێشتنی پاشماوەی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیبە بەشێوازی یاسایی یا مرۆیی، کەچی جەبهەی تورکمانی داواکاری گەڕانەوەی دۆخەکەیە بۆ بەر لە ٩/٤/٢٠٠٣، جەبهە بە هەڵە لەو بڕوایە دایە، وەدەرنانی سەدان هەزار کوردی کەرکووک بەڵگەی

پاڵپشتی و بەهێزکردنی هەڵوێست و درۆو دەلەسە پشت بەستووەکانێتی بە چەواشە کردنی راستییە مێژوویی و جوگرافییەکان.

لە نێوان ئەو سەدان هەزار کوردەی رژێمی بەعس لە کەرکووک رایگوێستنەوە جگە لە چەند هەزارێک، کە لە (١٥) هەزار کەس تێناپەڕن، کەس نەگەڕاوەتەوە. زۆربەی زۆری ئەمانەش لە سەربازگەی بەجێ هێشتووی سوپای عێراق یا لە ژێر چادرو لە ناو یاریگا وەرزشییەکاندا ژیان دەبەنە سەر. لە بری ئەوەی بارودۆخی ئەم لێقەوماوانە هەستی مرۆیی لێپرسراوانی جەبهەی تورکمانی و هەوادارانیان بجوولێنێ و هانی دەستگیرۆیی کردنیان بدات. دەبینین لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ قەناعەت پێکردنی هاوپەیمانان و هێزەکانی پۆلیس تا لەو سەربازگەو خێوەتگایانە وەدەریان نێن.

جەبهەی تورکمانی بەم رەفتارە نەگریسانەی رقی کوردو ئەوانەی هەستی مرۆییان بەرابەر بە ماڵوێرانی کەسانی دی هەیە ورووژاند. وتەبێژێک بە ناوی جەبهەوە لە میانەی قسە پڕ لە هاش و هووشەکانیانەوە رایگەیاند: جەبهە (١٥) هەزار ئاوارەی تورکمانی گەڕاندەوە کەرکووک و لە دوارۆژیشدا نیو ملیۆن تورکمان دەگەڕێنێتەوە؛ خۆم بەمەسەلەی نیو ملیۆنەکەوە خەریک ناکەم، چونکە شایانی هەڵوێستە لەسەر کردن نییە، ئەمەش لەبەر هۆیەکی سادەو ساکار، ئەویش ئەوەیە، کە ژمارەی تورکمانەکان لە عێراقدا لەو ژمارەیە تێپەڕ ناکات. هەرچی ئەو گوندنشینانەی کاتی خۆی لە دوو سێ گوند راگوێزران، دەبێ ژمارەیان لە (١٥) هەزار کەمتر بێت. گشتیان گەڕانەوەو هەموو لە پێشوازییاندا بوون لە پێشیشەوە کوردەکان.

کەچی تا ئێستا کورد نەگەڕاونەتەوە شار و گوندەکانیان، تەنیا ٥ ٪ یان نەبێت. لە کەرکووکیش رێژەی گەڕاوەکان زۆر لەوە کەمترە. پێویستە جەبهەی تورکمانی ئەوە باش بزانێت، کە کێشەی کوردە



ئاوارەکانی کەرکووک و زۆر کێشەی دی، کێشە گەلی گەورەو ئاڵۆزن و بە بەرچاو و گوێی خەڵکییەوە روویانداوەو چەندان تەن دیکۆمێنتی حکومی هەن ئاماژە بە وردەکارییەکانی دەدەن، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە قوربانییانی ئەم تاوانە تا ئێستا لە ژیاندان و بە دەست ئاسەوارەکانییەوە دەناڵێنن و رێکخراوە نێو دەوڵەتی و مرۆییەکانیش بە دەیان راپۆرتی فەرمی دەربارەی ژمارەو رەوشی مرۆییەکانیش بە دەیان راپۆرتی فەرمی دەربارەی ژمارەو رەوشی ژیانیان گواستەوە. لەم دنیایەدا ژێرێک نییە وای بۆبچێ، کە ئەم کێشەیە تەواوبووە. لەبەر ئەوەی گردبوونەوەیەکی سیاسی وردبین تیری رق چاوی ئەندامەکانی لە ئاست بینینی راستییە گەشاوەکان کوێر کردووە.

ئەم کوردانە ماڵ و حاڵ و موڵک و کێڵگەکانیان هەر بە دەست دێننەوە و دەگەڕێنەوە سەریان و بێ بە دەست هێنانیان ئاشتی و دادپەروەری و سەروەریی یاسا پیادە ناکرێت. جەبهە ویستی پەشۆکانێک دژ بە گەڕانەوەی ئەو ژمارە کەمەی کوردە ئاوارەکان بۆ کەرکووک بەرپا بکات، بە نیازی بەگەڕخستنی قەڵەمە شۆڤێنی و کەناڵە دنەدەرە عەرەبییەکان، ئەوانەی هەر هەواڵێک دژ بە کورد بێت بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەیقۆزنەوە. تا شاڵاوی هاوبەش بۆ زڕاندنی راستییەکان دژ بە گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکانی کەرکووک پیادە بکەن. هەر چەندە ئەو قەڵەم و کەناڵانە وەڵامێکی خێرایان بەو شاڵاوەو درۆو دەلەسانەی جەبهە بە داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن کوردەوەو دەرکردنی عەرەب و زۆر درۆی دیش، کە تا چەند هەفتەیەک دەیگوتەوە، دایەوە. ئەنجاش شاڵاوەکەیان شکستی هێنا. چونکە پشت بەستوو بوو بە گومڕایی و ترساندن. بۆیە هەر زوو راستییەکان بۆ هەمووان دەرکەوت و ئەوانیش وەک پیشەی هەمیشەییان بێدەنگییان لێ کرد. وەک ئەوەی هەر هیچ رووی نەدابێ.

هەر لەو درۆو دەلەسانەی جەبهە، دەست بەسەراگرتنی کوردە بەسەر بەڕێوەبردنی شاری کەرکووک و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. ژمارەو ئامارەکان، کە بەم دواییە بڵاوکرانەوە، ناڕاستی ئەم قسانە دەردەخەن. چونکە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێکهاتووە لە پارێزگارێک (کوردە) و جێگری پارێزگار (عەرەبە) و سێ یاریدەدەر (تورکمان و کلدو ئاشووری و کورد) و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا (تورکمانە). هەر چی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگان بەم شێوەیە دابەش بوونە (١٤ کورد، ١٢ عەرەب، ٨ تورکمان و ٧ کلدو ئاشووری).

واتە ڕێژەی ئەندامە تورکمانەکان دەگاتە ٢٠ ٪ ، ئەمەش لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووانی تورکمان لە کەرکووکدا بە درێژایی هەشتا ساڵی ڕابردوو، گونجاوە.

زانیارییە ئامارەفەرمییەکانی حکومەتی عێراق ڕاستی بۆچوونەکانمان دەسەلمێنن. ئەوی پێوەندی بە سەرۆکی دەزگا حکومییەکانی کەرکووکەوە هەبێت، ئەوا تورکمان تا ئێستا بەشی شێری پێ بڕاوە، کە زۆر لە سەرووی ڕێژەی ژمارەیانەوەیە.

ئەگەر پشت بە ڕێژەی دانیشتووانی تورکمان لە کەرکووک ببەستن بۆمان هەیە ٢٠ ٪ی شوێنە ئیدارییە گرنگەکان بگرنە دەست. کەچی دەبینین ئێستا ٣٣ ٪ی ئیدارەی دام و دەزگاکانی کەرکووک داگیر دەکەن.

لە کۆی ٦٣ فەرمانگەی حکوومی لە کەرکووک، تورکمان ٢١ فەرمانگەی بە دەستەوەیە. ئەوەتا بەڕێوەبەری پەروەردە (ئیبراهیم ئیسماعیل)، ڕێگاوبان (عادل سدیق)، نەخۆشخانەی ڤیتێرنەری (ئەحمەد ڕەشید)، دەزگای بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا (عەبدوڵڵا حەمزە)، بەڕێوەبەرایەتی پۆست و گەیاندن (عادل)، کۆمپانیای لێدانی



بیری نەوت (یاوز)، سەرۆکایەتی زانکۆی کەرکووک (عەباس عەتا)، ڕاگرایەتیی کۆلێجی زانست ( د. عەباس تەقی)، ڕاگرایەتیی کۆلێجی یاسا (د. عەلی) بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووک (لیوا تۆرهان)، بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوە (سەفوەت محەمەد)، نەخشەکێشان و ئاوەدان کردنەوە (ئەیاد سەلمان)، بانکی ڕافدێنی مەرکەزی (شەکیبە عەبدولعەزیز)، بانکی ڕافدین لقی زێڕی ڕەش (غانم ڕەشاد)، بانکی ڕافدین - شەقامی کۆماری (موعتەسەم)، دەزگای بەرهەمهێنانی کارەبا - تازە (خالید ڕەزا)، دەزگای گشتیی بەرهەمهێنانی کارەبا - تازە (جەلال)، پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان (سەلماز)، دەزگای بەرهەمهێنانی کارەبا - دووبز (سوبحی) و بەڕێوەبەری کارەبای کەرکووک (یالچین مەهدی ڕەشید)، هەروەها بەڕێوەبەری ناحیەکانی لەیلان و تازەخورماتووش تورکمانن.

ئەم ژمارە زۆرەی بەڕێوەبەرە تورکمانەکان قسەکانی جەبهە دەربارەی دەست بەسەراگرتنی کورد بەسەر هەموو دام و دەزگا حکومییەکانی کەرکووک بە درۆ دەخاتەوە. هەرچی ڕێژەی کارمەندو کرێکارانی دام و دەزگاکانی دەوڵەتە لە کەرکووک ڕاستی چەوساوەیی کوردو بە دەست هێنانی ماف و ئیمتیازی گەورەی تورکمانەکان دەگەیەنێت، کە تاڕادەیەکی زۆر لە ڕێژەی دانیشتووانەکەی زیاترە، بۆ نموونە هەر بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کەرکووک لە کۆی فەرمانبەران ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد تەنیا ٥ر٨ ٪ە کەچی ڕێژەی تورکمان ٥ر٦٤ە عەرەبیش ٥ر٢٥ ٪ و کلدو ئاشووریش ٢ ٪ە، کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک، لە کۆی ١٠٤١٥ کرێکار و فەرمانبەرو ئەندازیار و کارگێڕ تەنیا ٤٥ کوردی تێدایە، واتە ڕێژەی کورد لە ٠ر٤٠ ٪ زیاتر نییە، کەچی ژمارەی تورکمانەکان ٣٣٠٠ کەسن. واتە بە ڕێژەی ٣٠ ٪یە ژمارەی عەرەب لەو کۆمپانیایە ٧٨٤٠ کارمەندە بە ڕێژەی

Kurdistannet کوردستان نێت

٧٧ ٪ـە. کەسانێک هەن دوور لە راستی باس لە دەست بە سەراگرتنی کورد بەسەر کەرکووک و دەرکردنی عەرەبەکان دەکەن.

رێژەی ئەو تورکمانانەی لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی کەرکووک کار دەکەن ٥٠ ٪یە، لە کاتێکدا رێژەی کارمەندانی کورد ٢١ ٪ـە، هەر چی کۆمپانیای گازی باکوورە. رێژەی تورکمان تێیدا ٤٧ ٪ـە بەرابەر رێژەی ٣ر٧ ٪ی کورد. دەکرێ هەمان وێنە لە فەرمانگەکانی دیی کەرکووکدا بەدی بکرێت، کە چۆن رێژەی کورد تێیاندا ١٠ ٪ تێناپەڕێنێت. تەنیا لە سێ چوار فەرمانگەی بێبایەخ نەبێت. وەکو ئەوقاف ٢٢ ٪، کارگەی چیمەنتۆی کەرکووک ٨و٣٦ ٪، فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکووک ٥ر٣٩ ٪ و شارەوانیی کەرکووک ٥ر٢٣ ٪، کەچی فەرمانگەیەکی حکوومی نابینین لە کەرکووک تورکمان زیاد لە سێیەکی یا نیوەی نەبێت. ئەم ژمارەو رێژانە هەن. هەر کەسیش وێڵی دووی راستییە دەکرێ بە دەستیان بێنێ. هەندێکانیش لە رۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

چۆن دەکرێ لایەنێک پیادەکردنی کاری سیاسی رابگەیەنێ و بەم شێوە زەقە درۆ لەگەڵ خەڵکدا بکات؟

جەبهە هەمان چەمکی نەتەوەپەرستیی دواکەوتووی لە خۆگرتووە. ئەوی کە عەلی کیمیاوی باوەڕی پێی بوو و رقێکی بێ پاساوی دژ بە کورد هەڵگرتبوو. جەبهە نایەوێ هاووڵاتییەکی کورد ببینێت لە یەکێ لە فەرمانگەکانی کەرکووکدا کار بکات. هەروەها خوازیارە ئیدارەی نوێ پابەندی سیاسەتەکانی عەلی کیمیاوی بێت. کە مامۆستاو فەرمانبەری سەربازی و مەدەنیی کوردی لە کەرکووک دوور دەخستەوە. بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووک کە هەڵگری بیروباوەڕی جەبهەیە. هەموو کات و هەوڵی تەرخانە بۆ تەگەرە خستنە بەردەم خوێندن لە قوتابخانە کوردییەکانی شارەکەدا. بۆیە لەبری پێشخستنی پرۆسەی



پەروەردەیی لە پارێزگاکە، ئەم (پەروەردەکەر)ە بۆتە کۆسپ لە بەرابەریداو حەز دەکات مامۆستا کوردەکان دوورخراوەی پارێزگاکانی دی بن، یا لە قەزاو ناحیە دوورەکان تا ساڵانێکی درێژ بیانهێڵێتەوە.

جەبهە درک بەوە ناکات. کە سەردەمی بەعس بەسەرچوو و عەلی کیمیاوی و هەڤاڵە تاوانبارەکانی وا لە بەندیخانەی هێزە ئەمریکییەکاندان و کوردی کەرکووکیش لەمەودوا هەرگیز رێ بە پەراوێز خستنیان نادەن.

چەندێک جەبهە بە زوویی لە وڕێنەکانی رزگار بێت. ئەوەندە لە بەرژەوەندی خۆی و لە بەرژەوەندی تورکمان و عێراقییەکاندایە. لە ئەنجامی ئەم شاڵاوی گومڕاییەش جگە لە شکستی و سەرشۆڕی هیچی دی نادوورێتەوە.

# جەبهەی تورکمانی و
# بەیت و بالۆرەی هەراکەی کەرکووک

سەرەڕای ئەو توندوتیژی و پێکدادان و تیرۆرەی لەملاو لەولا دەیبینین، مرۆڤایەتی رووەو کراوەیی و لێبوردوویی و دیالۆگ هەنگاو دەنێت. خەڵکی هێواش هێواش خەریکە لەوە دەگەن، کە هەر چەندە دروشمە بریقەدارو میللی گەرایی (پۆپۆلیستی)یەکان، کە بانگەشەی توندوتیژی و رق بکەن جگە لە ماڵوێرانی و مەینەتیی زیاتر هیچ بە دەستەوەنادەن. میللەتانمان سالآنێکی درێژیان لە مێژووەکەیان و هەلی گرنگیان لە رێگای خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی شارستانی لە سۆنگەی ئەو بانگەشە وێرانکەرانەوە لە دەست داون.

تەنانەت پاش نەمانی رژێمی لە ناوچووی بەعسیش هێزە شەڕانگێزە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە هەوڵی ئەوەدان جارێکی دی عێراقییەکان لە هەلی پێشکەوتنی شارستانی و خۆشگوزەرانی ئابووری بێبەری بکەن و کار بۆ گەڕانەوەیان بۆ گێژاوی توندوتیژی و دڵڕەقی بکەن.

ئەم هێزانە کۆکتێلێکی سەیر لە رەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکانی سوننەو شیعەو رەوتە ناسیۆنالیستە شۆڤێنییەکان و پاشماوەکانی رژێمی بەعس لە رەفیق حزبییەکان و جەللادەکانی ئاسایش و موخابەرات و ئەو تاوانکارانەی لەودیو سنوورەوە ئاودیو دەبن، پێک



دێنن.

بەر لە هەموو ئەو هێزە شەڕخوازانە ئەو لایەنانە لە پێشن، کە رق وکینەی نەتەوەپەرستیی دواکەوتوو یا ئایینیی یا مەزهەبی یا ئایدیۆلۆژی کوێری کردوون و شتەکان وەک خۆیان نابینن.

کەچی عێراقیش بە درێژایی دەیەکانی رابردوو توندترین سەرکوت و دڵڕەقی و جینۆسایدی بەخۆوە بینیوە و سەدان هەزار هاووڵاتی بێتاوان بوونە قوربانی. ئەنجاش بانگەوازی هاندانی خەڵک بۆ لە بیرکردنی زامی کۆن و چاوبڕینە دوارۆژی روون لە بەردەوامی دایە. بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەوانەی دەستیان بە خوێنی عێراقییە بێتاوانەکان سوورە لێپرسینەوەیان نەبێت. یەکەمین بانگەواز بۆ لە بیرکردنی رابردوو لە لایەن کوردەوە بوو، ئەو کوردانەی، کە گەورەترین بەشیان لە چەوسانەوەکانی بەعس بەرکەوت و لە سەرووی لیستی قوربانییەکانی رژێمەوە بوون، تۆڵەسەندنەوە لە بەعسییەکان قوربانییانی بۆردومانە کیمیاوییەکەی هەڵەبجەو قوربانییانی ئەنفال و زۆنگاوەکان و راپەڕین و ئەو سەدان هەزارەی لە پرۆسە سەربازییەکانی دژ بە بزووتنەوەی کورد شەهید بوون یا لە زیندانەکانی بەعس و سەربازگەکانی مردن و شوێنانی دیدا گیانیان لە دەستدا، ناگەڕێنێتەوە.

لە بەرابەردا لێنەپرسینەوە لە تاوانکاران و کارکردن بەپێی دروشمی (عفا الله عما سلف) هەرگیز سەرەتایەکی دروست بۆبنیاتی کۆمەڵێکی ساغ لە گەندەڵیی فاشیزم و دڵڕەقی و رۆحی تۆڵەسەندنەوە دروست ناکات. لەبەر ئەمە پاراستنی دۆخی هاوسەنگ لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە ئالۆزەو ئەنجامە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و هزرییەکەی شوێنەواری گەورە لەسەر دوا رۆژی نەوەکانی عێراق بەجێ دەهێڵێت و دەخوازی سیاسەتێکی حەکیمانەی وا پەیڕەو بکرێت بەرژەوەندی گشت لایەنەکان لەبەرچاو بگرێت.

Kurdistannet کوردستان نێت

لە بەرابەر ئەم بۆچوونە گشتییە عێراقییەدا تا ئێستا هەندێ هێزی ڕەش و تاریک خواز لە دالآنەکانی هزری تۆتالیتاری رق و کینەدا دەژین و چی لە توانایاندا بێت دەیکەن لە پێناو ژەهراوی کردنی پێوەندییەکانی نێوان میللەتان و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان لە عێراقدا. جەبهەی تورکمانی بەحەق سەربەم گرووپەیەو نانی ئازووقەیەک دەخوا ناوی لێناوە کوشتاری کەرکووکی ساڵی ١٩٥٩. جەبهە هەوڵ دەدا بە بۆنەو بێ بۆنە خۆی بکاتە لێپرسراو و خاوەنی دادگایی کردنی ڕووداوەکانی مێژووی دوورو نزیک. جەبهە ئاماژە بەم ڕووداوانە ناکات لە ڕوانگەی بیرخستنەوەی ئەو وانانەی، کە دەبێ لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەوە هەڵێنجرێن و پێویستی برینیان و ڕێگەنەدان بە هیچ کەسێک، کە هەوڵ بدات خەڵکی بگەڕێنێتەوە ئەو دۆخە ژەهراوییە، هەروەها کاربکرێت بۆ دانانی پێوەندیی نوێ لە سەر بناغەی دیالۆگ و پێکەوە ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەوانی دیدا. جەبهە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە عەقلآنییەوە دەجووڵێتەوە، بیرخستنەوەشی بۆ ڕووداوەکانی تەمموزی ١٩٥٩ بە مەبەستی بارگاوی کردنی جەماوەری تورکمانە، بە تایبەت لاوەکان بە بۆچوونی نەتەوە پەرستیی دواکەوتوو و چاندنی ڕۆحی رق و کینەی نەتەوەیی و ناحەزیی نێوان ڕۆڵەکانی شارو گەڕەک، بێ هەست کردن بە هیچ جۆرە لێپرسراوییەکی سیاسی و مرۆڤایەتی.

لەم بوارەدا گوتاری جەبهە بە شێوەیەکی وا سەیر پێ لە سەر دژایەتی کردنی کورد دادەگرێت ناکرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، زۆر بە دەگمەن ڕاگەیاندنێک یا بڵاوکراوەیەک یا وتاری نووسەرێکی نزیک لە هزری جەبهەوە دەبینیت تانە لە کورد نەگرێت.

بێگومان ئەو ڕووداوە پڕ لە توندوتیژی و دڵڕەقییەی لە تەمموزی ساڵی ١٩٥٩دا کەرکووک بە خۆوەی بینی مایەی غەمبارییەو لەسەر هەمووانە بێ جیاوازی بە توندی لایەنە بەشداربووەکان تاوانبار بکەین. بە ڕاستی



جێگای داخە، کە هەر چەندە چل و پێنج ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕیوە. نەبووەتە بابەتێکی مێژوویی ڕووت تا بکرێت لە کەش و هەوایەکی هێمن و دوور لە زمانبازی و ناولێنانی سیاسی توێژینەوەی لەسەر بکرێ و ڕووناکی بخرێتە سەر. ئەمڕۆ لە عێراقدا لایەنی سیاسی هەن دژ بە نەیارەکانیان سڵ ناکەنەوە لە هانابردن بۆ هەر شێوازێکی ناولێنانی ڕووداوەکە ئەگەرچی ماڵوێرانی خەڵکیشی بەدواوەبێت.

جەبهەی تورکمانی بەوە ناسراوە، کە بۆ بە دەست هێنانی مەرامە سیاسییەکانی پەنا دەباتە بەر شێوازەکانی میکیاڤیلیزم، بۆیە هەوڵەکانی جەبهە بۆ دەست بەسەرگرتنی یادەوەرییە دڵتەزێنەکانی ئەو ڕووداوانەو شالآوەکانی بۆ شێواندنی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی دی بووە ئەگەری بڵاوبوونەوەی چەمک گەلێک بۆچوونی نادروستی دوور لە ڕاستییەوە، کە ناتوانن لە بەرابەر هەر لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنە ئامێزی مێژوویی بۆ ئەو ڕووداوانە خۆڕاگرین.

زۆرێک نووسەرۆکە و هەڵگرانی خامە شۆڤێنییەکان بێ وردەکاری و لێ وردبوونەوە قسەکانی جەبهە دەجوونەوە. لەبەر ئەمەو لە سایەی ئەو دۆخە درمدارەوە ناکرێ چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی تۆکمەی دوور لە حەزی تاکە کەسی و هەڵوێستی پێشوەخت بۆ ئەم ڕووداوانە بکەین. ئاماژەی ئەم توێژەر و ئەو توێژەر بۆ بابەتەکە بە شێوەیەکی سەرپێیی و بە پشت بەستن تەنیا بە دیکۆمێنتەکانی دەزگاکانی ئاسایشی عێراق بێ گوێدانە لایەنە پێوەندیدارەکان بە ڕووداوەکەوە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم، کە هەوڵی تیشک خستنە سەر هەندێ لایەنی ئەم ڕووداوانە، کە مایەی خەم و پەژارەو سۆزی دژ بە یەک و دەرخستنی ڕاستییە مێژووییە پێوەندیدارەکان پێوەی و نابێت بە مەبەستی کولاندنەوەی برینەکان و وروژاندنی هەستەکان بێت. بەڵکو دەبێت بەمەبەستی خستنە

بەرچاوی مێژووییانەی ڕووداوەکە وەک خۆی بێت تاکو بە دوور نەبێت لە لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەی زانستییانە بەڵکو لەسەر بناغەی سەرچاوەو دیکۆمێنت و بەڵگە مێژووییەکانەوە بێت. چونکە لەلایەن نەزان و ئاژاوەگێڕانەوە لە ڕێگای بڵاو کردنەوەکەی قسەو بوختان و لێکدانەوەی چەوتەوە، دژی ئەم لایەن و ئەو لایەن، پاوان دەکرێت.

ئەم کارەش دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ ئەو نیاز گڵاوانە تا دووبەرەکیی بخەنە نێوان کورد و تورکمان و ئەوانی دیی لە کەرکووک. من لەو بڕوایەدام تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە پڕ لە خەمانە پێویستە بەس بێت بۆ ئارامی دەروون و خەملانی دۆخی لەبار بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە بە شێنەیی و دوور لە زمانبازی و تۆمەت گۆڕینەوە بە ئامانجی گەیشتن بە زانیاریی ڕاستییە مێژووییەکانی پێوەند بە ڕووداوەکانەوەو پەندو وانە وەرگرتن لێی و دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی حاڵەتی دڵەخورپە و ناکۆکی لە نێو خەڵکانێکدا دروست دەکەن، کە ژیان و جوگرافیای هاوبەش کۆیان دەکەنەوە. دەتوانین بە ژمێرکارییەکی سادەو ساکار زۆربەی بەشدارانی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان دیاری بکەین. ئەوانە یا نەماون یا دوارۆژەکانی تەمەنیان دەگوزەرێنن.

ئەو کوشتارگەلە گەورانەی لە کاتی گرتنە دەسەڵاتی بەعسەوە لە عێراق دا ڕوویاندا، وا لە ڕووداوەکانی کەرکووک دەکەن تۆزی پێی ئەوان نەشکێنن (سەرەڕای هاوسۆزیی مرۆیی لەگەڵ قوربانییەکان) سەرباری تاوانبارکردنمان بۆ کوشتنی هەر مرۆڤێک، کوشتنی ٣٢ کەس بەرابەر کوشتار گەلی گەورەی وەکو کیمیا بارانی هەڵەبجە (پێنج هەزار شەهید و زیاد لە دە هەزار بریندار) وشاڵاوە بەربەرییەکانی ئەنفال و (١٨٢ هەزار) و لەناودانی بارزانییەکان (٨ هەزار) کوردە فەیلییەکان (زیاد لە دە هەزار) و قوربانییانی ڕاپەڕینی خوارووی عێراق



(دەورووبەری ٣٠٠ هەزار) کەس، چی دەگەیەنێت؟ ئەی تۆڵەی ئەو سەدان هەزارە و چەندان چەندانی ترە لە کێ بسێنینەوە، کە لە جەنگە بێ ماناکانی دیکتاتۆر لە کوردستان و (قادسیەی سەدام و ئومولمەعارک و ئەلحەواسم) گیانان لە دەست دا؟ ئەرێ پاش قسە کردن بەم شێوە کرچ و کاڵە لەم هەموو ماڵ وێرانی و دەردەسەرییە لەسەر (هەراکە)ی کەرکووک جۆرێک لە ڕەفتاری بێهوودەیی ناگەیەنێت؟

تیشک خستنە سەر ڕووداوەکانی کەرکووک مایەپووچیی بەشی زۆری قسەکانی جەبهەی تورکمانی دەردەخات، چونکە بەر لە هەر شتێک کەرکووک بە لێبوردوویی بەناوبانگە، کە لە سایەیدا ڕۆڵەی نەتەوەکان و ئایینەکان و ئایینزا جیاوازەکان دەژین. گەڕیدەو ئەو نووسەرانەی پێیدا تێپەڕیون ئەمەیان بە جوانی باس کردووە. دەکرێ لێرەدا هەر بۆ نموونە ئاماژە بە میجەرسۆن و ئەدمۆندز بکەین، ئەو لایەنە کێیە کاری کردووەو تا ئێستاش لە کاردایە بۆ ژەهراوی کردنی پێوەندی نێوان توێژە جیاجیاکان لە دانیشتوانی شارەکەو ڕق و کینە لە نێوان نەتەوەکاندا دەچێنێت؟ چی بووە تا ئەو خەڵکەی بە ئاشتییانە پێکەوە دەژیان بوونە توێژ گەلێک یەک ڕقی لەوی دی ببێتەوە؟ لەسەر ئەو ڕووداوە خوێناوییانەی کەرکووک لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٩دا بە خۆوەی بینی. زۆر وترا، وەلێ کەمێکی بە سوودی لەسەر نووسرا. ئەویش قۆرخ کرا بۆ مەبەستێک کە هیچ پێوەندی بە بەرگری کردن لە قوربانییەکانی هەراکەوە نەبوو، کۆمەڵێ هۆ و مەبەستی تێکچڕژاو و ئاڵۆز کارییان لە یەک کرد. تا شتەکان بگەیەننە ئەو ئەنجامە پڕ لە غەمەی تا ئێستا ئاسەواری دەروونی و سیاسی لە مێشکی زۆربەدا بەجێ هێشتووە. ڕەنگە لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ڕووداوەکانی کەرکووک و موسڵ و ئەوانی دیش لە عێراقدا بۆ بڵاوبوونەوەی سەرەوەریی هزرە توندڕەوەکان بە هەموو ڕەوتەکانییەوە بگەڕێتەوە، لە کاتی شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨

و پاش شۆڕشیش هەر ئەو هزرانەش لە پشتی حاڵەتی هستریاو بانگەشەی توندوتیژییەوە بوون، کە هەستەکانی گڕەداو زەمینەی خۆش دەکرد بۆ بەشداری لە هەڵگیرساندنی کاری توندوتیژی سیاسی، کاتێک ئەو رۆژانە حاڵەتە هێستریا کە مەیدانە سیاسییەکەی گرتبۆوە، بە بیردێنێیەوە. تووشی سەرسوڕمان دەبین، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی هاوشێوەی جەبهەی ئێستا بیریان دەکردەوە بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە حزبی شیوعی عێراق بە هۆی رەنگە سوورەکەیەوە هەرگیز تەماتەشیان نەدەخوارد. سەرەڕای تێپەڕبوونی چل و پێنج ساڵ بەسەر ئەو رۆژانەدا ئەنجاش دەکرێ مرۆ لە میانەی چاودێری دیمەنی سیاسی ئێستای عێراقەوە لە رەوشەکە بگات، پیاوانی ئەو شێوازە پڕ لە رقەی ئەندامانی تیپی دووی سوپاس عێراق و هێزەکانی بەرگری میللی و ئەندامانی سەندیکاکان و رێکخراوە پیشەییەکان گرتیانە بەر بۆ سەرکوتی پشتیوانانی کۆبوونەوەیەکی منداڵانەی هاوشێوەی بەرەی تورکمانیی ئێستا لە دروشم و ناواقعییەتی و هەڵگرتنی ناوی (کۆمەڵەی تۆران). جێی داخە ئەو هێزانە خۆیان لە سەرووی یاساوە داناوەو لە بری پەنابردنە بەر یاسا و لێکۆڵینەوەی ئسولّی دادوەریی و دادگاییکردنی ئاژاوەگێڕانی رووداوەکان. کە ئەو کۆمەڵەیە بە هەڵسوکەوتی دوور لە لێپرسراویی و دروشمە توندڕەوە دژ بە هێزە سیاسییەکانی دی بەرپایان کرد، پەنایان بردە بەر کوشتنی خەڵک و بە دوای ئۆتۆمبیلدا راکێشانی هەندێکیان جێی بایەخە. ئەم رووداوانە لە چوارچێوە مێژووییەکەی و لە سێبەری کەش و هەواو بۆچوون و دروشمی سیاسی توندڕەو لێیان بکۆڵرێتەوە، کە لەو کاتەدا شەقامی سیاسی عێراقی گرتبۆوە. لەو پرسە بناغەییانەی تا ئێستا تەم و مژ دای گرتوون و رای جیاجیایان لەسەرە، دیاریکردنی ناسنامەی ئەوانەیە، کە ئەو کارە خوێناوییانەیان ئەنجام داوە. چونکە پەنجەی تۆمەتبارکردن روو



لە هێزەکانی تیپی دووی سوپای عێراق و هێزەکانی بەرگری میللی ژێر دەسەڵاتی حزبی شیوعی عێراقی بوون. جگە لە یەکێتییە پیشەییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان و کۆمەڵەی جووتیاران، کە ئەوانیش حزبی شیوعی عێراقی باڵا دەستی بەسەریاندا هەبوو. ئەم سێ لایەنەش، کە پەنجەی تۆمەتبارکردنیان بۆ درێژ کرا، لە حاڵەتی یەکەمدا دەزگا حکوومییەکان بوو، دەزگا حزبییەکانیش لە دوو حاڵەتەکەی دیدا، هیچ یەکێکیانیش لەسەر بنەمای نەتەوەیی یا ئایینی بنیات نەنراون، بە مانایەکی دی ریزەکانیان عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشووری و ئەرمەن و هی دیشی لە خۆگرتبوو، بێگومان ژمارەی ئەوکوردانەی زۆربەی زۆری دانیشتووانی لیوای کەرکووکیان لەو کاتەدا پێک هێنابوو، لەو دەزگا و رێکخراوانەدا زۆر لە رەگەزەکانی دی زیاتر بوون بۆیە لەسەر رۆڵیان لە رووداوەکاندا رووناکی زیاد لەوانی دییان خرایە سەر، وەلێ دەبێ لە رەوشت و رەفتاری ئەندامانی ئەو دەزگاو رێکخراوانە بکۆڵرێتەوە، ئەمەش نەک لەسەر بنەمای نەتەوەیی یا ئایینی، بەڵکو لەسەر بنەمای پابەند بوون بە ئەرک و فرمانەوە (لە پاراستنی ئاسایشی وڵات لە دوژمنانی شۆڕش هەر وەک حاڵەتی هێزەکانی سوپاو پۆلیس) و بۆچوونە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی وەکو هێزەکانی بەرگری میللی و رێکخراوە پیشەیی و حزبە سیاسییەکان. لەم روانگەیەوە ئەو تۆمەتانەی بە درێژایی دەیان ساڵ لە دوای رووداوەکانەوە هەڵبەستران و چەندان لایەنی حکوومی و بیانی و نەتەوەپەرستیی توندڕەو لە نێو خۆیاندا هاوکار بوون بۆ لکاندنی ئەو تۆمەتانە بە کوردەوە. سەرەڕای دانپێدانان بە بوونی کەسانی بەرەڵای کورد لە رێزی ئەو هێزانەدا، کە لە بەرابەر رەخنەی زانستییانەو لێکۆڵینەوەی بابەتی و لۆژیکی بۆ رووداوەکان خۆڕاناگرن. ئەوی جێی سەرسوڕمانە، کە ئەو لایەنانە تۆمەتەکان بە راست و چەپدا

بڵاودەکەنەوە نە لە دوورو نە لە نزیک ئاماژە بە دەزگاکانی ئاسایش نادەن، کە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب دەستیان بەسەر جومگە زیندووەکانیدا گرتبوو و رۆڵیان لە پیلان گێڕان بەسەر رژێمی عەبدولکەریم قاسم و دژایەتی کردنی کۆمۆنیستەکان لای کەس شاراوە نییە، هێڵەکانی پیلان و پێوەندی هاوپەیمانانی نێوان تۆرانییەکان و بەعسییەکان لە پاش کۆدەتا خوێناوییەکەی هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، ئەندامانی (کۆمەڵەی تۆران) سەرەڕای یەکتر بڕینی خەونەکانی ئیمپراتۆرییەت لای هەردوولا، کەچی دژایەتی نیشتیمانییەکان و بزووتنەوەی کورد لە ریزەکانی گاردی نیشتمانی دا یەکیانی خست و بە چالاکییەکی گەورە بەشدارییان لەسەر کوتکردنی هێزە نیشتمانییەکان و تایبەت کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کەرکووک کرد. خەڵکی کەرکووک رۆڵی پڕ لە شەرمەزاریی ئەوانەیان لە یادە لە راونانی نیشتمانییە بە شەرەفەکان و بەرهەڵستکارانی بەعس و لەسەر ئەوەشەوە پیادەکردنی سەرکوت و بەرەڵایی بەرابەر بە کوردە بێوەیەکانی ناوشار، چەقۆکێش و پیاو کوژە بە کرێ گیراوەکانی هاوتای ناوەندەکانی لە شێوەی جەبهەی ئێستا، سەدان کرێکار و کاسب کارو هەژاری کوردیان لەوانەی لە بەیانی زووەوە ملی رێی کاریان دەگرتە بەر لە پێچی کۆڵان و شەقامەکاندا کوشت، هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان ئەم پیاو کوژانەو دەزگاکانی ئاسایش لە کەرکووک هەبوو رێکەوتنەکەش وابوو پیاوانی ئاسایش و پۆلیس دەبێ دووربن لەو شوێنانەی تاوانی دژ بە کوردیان تێدا دەکرا، پیاوە بەتەمەنەکانی کەرکووک چاک لە بیریانە چۆن ئەم چەقۆکێشە پیاوکوژانە راستەوخۆ بە پشتگیری و هەماهەنگی لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاشایشەوە لیست بە ناوی رۆشنبیران و پارێزەران و بازرگان و پیاوماقووڵانی کورد لە کەرکووک بە مەبەستی یەک لە



دوای یەک کوشتنیان رێک خرا، ئەم شەقاوانە توانیان هەندێک بکوژن و تۆمەت بۆ هەڵواسینی ئەوانی دی بهۆننەوە، لە کاتێکدا بەشی سێیەم ناچار بە هەڵاتن لە کەرکووک کران تا پێوەندییان بە بزووتنەوەی چەکداری کوردەوە کرد یا گوێزایانەوە بۆ شارێکی دی. مەبەستیش لەم کارانە پەراوێز خستنی رۆڵی کورد بوو لە کەرکووک لە لایەنی سیاسی و رۆشنبیریی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، کوردی کەرکووک تا ئێستاش بە دەست ئاسەواری ئەو سیاسەتەوە دەناڵێنێ، لە پاش هەرەسهێنانی دەسەڵاتی بەعس چەکەکانیان فڕێ داو لە خەڵک دەپاڕانەوە تا لێیان خۆشبن، کەچی لەگەڵ گەڕانەوەی حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ جارێکی دیش چوونەوە ریزەکانیانەوەو لە زۆرێک لە تاوانەکانیان دژ بە عێراقییەکان بەشدار بوون،ئەمانە زۆربەیان تا ٩ی نیسان لە خزمەتی بەعسدا بوون تا لە رۆژی دواییدا واتە رۆژی رزگار کردنی کەرکووک بچنە ریزەکانی بەرەی تورکمانییەوە. پاش ئەوەی سێ دەیە لە خزمەتی گەیاندنی پەیامی نەمری بەعس دا بوون! لە شەو و رۆژێکدا گۆڕان و کاریان لە پێناو دەوڵەتی تۆرانی لە لێواری ئەدریاتیکەوە درێژبوو تا شووری مەزنی چین، دەکرد!! هەروەها ئەم لایەنانە هیچ ئاماژەیەک ناکەن بۆ رەفتاری منداڵانەی ئەو کۆمەڵە بچووکە و بردنی کارەکان بەرەو قەیران و پێکدادان لەگەڵ هێز گەلێک، کە هەرگیز ناتوانن بەرەو روویان بوەستن، لەوە دەچێ بێدەنگی کردن لەم لایەنەی رەوشەکە بە روونی ئاماژەیە بۆ تێنەگەیشتنی جەبهەی تورکمانی و پەند وەرنەگرتنی لە مێژوو. بەردەوامیشی لەسەر هەمان سیاسەت و دروشم راستگۆترین گوزارشتە لە مۆمیاکردنی هزری دەسپێکی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو. جەبهە نایەوێ خەڵک لەوە بگەن، کە دروشمی خەیاڵی بەرزکردنەوەو هەستان بە سیاسەتی سەرکێشی و بڵاوکردنەوەی رق و کینە ئەنجامەکەی تەنیا

کارەسات و ماڵوێرانییە.

(کۆمەڵەی تۆران) لە ناخەوە خوازیار بوو هەوادارانی بە بەربەرەکانی کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کورد و نزیک بوونەوەی هاتنە ژوورەوەی هێزەکانی سانتۆ بە سەرکرایەتی تورکیا بارگاوی بکات. تا بیکات بە سەرۆک بەسەر عێراقدا. جەبهەی تورکمانی هەمان شت دەکات و شەوو رۆژ لە ورەی هەوادارانی بەرز دەکاتەوە، لە میانەی جەخت خستنە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئەمجار تورکیا پشتیان بەرنادات، رەئووف دەنگتاش لەم ماوەیەدا رایگەیاند، تورکیا (قوربانی) بە باکووری قوبرس دەدا لە پێناو هیواکانی بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپاوە. خوازیارین جەبهە پەند وەربگرێ و واز لە خەونە خەیاڵییەکانی بێنێت.

تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن و عادیلانە لە بارەی ئەو رووداوانەوە بۆ دیاریکردنی هۆیەکان و دەرخستنی تاوانبارانی راستەقینەو ئەو لایەنانەی لە پشتیانەوە و ئەنجامەکەیان بەرەو ئەو کۆتاییە پڕ لە ناسۆرییە برد، نەکراوە. لەوە دەکا هێزە فاشی و نەتەوە پەرستی ناوخۆیی و هی دەرەکیش لە پشت رەوتە توندڕەوەکانەوە بووبن و ولاّتیان بەرەو قوولاّیی دەریای پڕ گیروگرفت و ئاشووب بردبێت، تا ئامانجە سیاسییەکانیان بە دەست بێنن. رەنگە لە دوا رۆژدا ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتە مێژووییانە بە دەرکەون، کە تیشک دەخەنە سەر رووداوەکان و وێنەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو روون دەکەنەوە. کاتی خۆی پەنجەی تۆمەتبارکردن خرایە سەر تورکیاو هاوپەیمانانی لە پەیمانی سەنتۆو کۆمپانیای نەوتی عێراق بە هاندانی کۆمەڵە لاوێکی توندڕەوی تورکمان لە ژێر چەتری رێکخراوێکی فاشی بە ناوی (رێکخراوی تۆران)ەوە بۆ تێکدانی هەڵوێست لە کەرکووک، خۆیان مەڵاس دابوو. رووداوەکانی کەرکووک بەرهەمی ئەو زنجیرە رووداو و پیلانانە بوون، کە ئامانجی بنەڕەتی نوقوم کردنی سیستەمی نوێ بوو لە گیروگرفت و



ملدانی بۆ وازهێنان لە بۆچوونە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ناو رێکخراوەکە، کە ئاماژە بە یۆتۆپیایەکی تورکی دەدات، بە دامەزراندنی دەوڵەتێک هەموو ئەو میللەتانەی بە یەکێ لە زمانەکانی گرووپی تورکی دەدوێن بگرێتە خۆ، ئەو ولاّتەی وەکو خۆیان دەڵێن لە دەریای ئەدریاتیکەوە درێژ دەبێتەوە تا شووراى چین. هەروەک ئەوەی هەڵبژاردنی ئەم ناوە خۆی لە خۆیدا هەستی دانیشتووانی کوردو ئەرمەن و ئاشووری و تەنانەت عەرەب و ئەوانەی، کە ناوی تۆران سیاسەتی یەکێتییە قێزەونەکانیان دەخاتەوە بیر، تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی سێکوچکەی خوێناوی (تەلعەت و جەمال و ئەنوەر)دا. هەروەها ئاماژە بە سیاسەتی منداڵانەو ناواقعیی نامۆ بە وانەی رێکخراوەکەیان دامەزراند و ئەوانەی بەهۆی هەڵگرتنی بۆچوون و دروشم و رەوشی نامۆ بە واقعی لێبوردەیی شارەکەوە زەرەرو زیانێکی بە خەڵکەکە گەیاند، ئەو شارەی لە پێشداو تا ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر خەڵکەکەیدا هاتووە، شانازی بە دۆخی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان رەگەز و زمان و رۆشنبیرییە جیاوازەکاندا دەکات. تورکیا بە رەفتاری هەمیشەیی خۆی بەشێکی گەورەی لێپرسراویی ئەوەی لە کەرکووک روویدا، دەکەوێتە سەری. ناکرێ لێکدانەوەی هەڵوێستی تورکی دژ بە سیستەمی نوێی عێراق، تەنیا لە میانەی ئەو فاکتەرانەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە پەیمانی سەنتۆ کۆیانی دەکردنەوە، وەکو دەرچوونی عێراق لە پەیمانەکەو توندوتۆڵکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ولاّتانی ئەوروپای رۆژهەلاّت پەیرەوکردنی سیاسەتی دژ بە رۆژئاواو بەرزکردنەوەی دروشمی شۆرشگێرانە، بەڵکو هەڵوێستی تورکی لە هەموو شتێک زیاتر پشت بەستووبوو بە هەڵوێستەکانی سیستەمی نوێ بەرابەر بە کوردی عێراق، بەلاّی کەم هەر لە یەکەمین ساڵەوەو سەرەڕای مانەوەی بەڵێنەکان وەکو مەرەکەبی

سەر كاغەزو لە پاشاندا حكومەتی عەبدولكەریم قاسمیش پاشەكشەی لێ كردن. ئەنجاش چەسپاندنی راستی مێژوویی لەسەر هاوبەشیی عەرەب و كورد لە نیشتمانی عێراقدا لە لایەن سیستەمی نوێ وە، هەر وەكو لە مادەی سێیەمی دەستووری كاتیی عێراقی كۆماری عێراقدا هاتووە، كە لە ٢٦ی تەمموزی ١٩٥٨دا بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها دەسەبەری مسۆگەركردنی مافە نەتەوەییەكانیان لە لایەن دەستوورەوە لە چوارچێوەی یەک عێراقدا بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە هۆی وروژاندنی دژایەتی توركیا و ئێرانیش لەگەڵیدا دژ بە سیستەمی نوێ، چونكە ئەم هەڵوێستە لە مەیدانی كێشەی كوردا بەڕای ئەوان دەكرا نموونەیەكی (خراپ) بۆ كورد لەو دوو وڵاتە پێک بهێنێ. هێزە سیاسییەكانی عێراقیش جەختیان لەسەر هەڵوێستەكانی سیستەمی نوێ لە بارەی هەڵوێستی لە كێشەی كورد كردەوە، سەرەڕای هەڵوێستە شۆڤێنییەكانی حزبی بەعس، بەرەی یەكێتیی نیشتمانیی لە بەرنامە راستكراوەكەی خۆیدا، كە لە كۆبوونەوەیەكی جەماوەریدا لە بەغدا لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٥٨دا جەختی كردەوە سەر هەمان ئەو ئایدیایانەی لە دەستووردا هاتوونە، كاتێ كە وتی:

(بەڕەوای دەبینێ بوونی عێراق لەسەر هاوكاری و هاوشانی هەموو هاووڵاتییان و رێزگرتن لە مافەكانیان و پاراستنی ئازادییان، راوەستاوە. هەروەها بەرە وەكو هاوبەش و یەكسان لەیەک وڵاتدا لە عەرەب و كورد دەڕوانێت و لە چوارچێوەی عێراقێكی یەكگرتوودا دان بە مافە نەتەوەییەكانیاندا دەنێ و حكومەتیش لە چەسپاندنی مافەكانیان یارمەتییان دەدات). هەروەها رۆژنامەی (الجمهوریە)ی نیمچە فەرمی لە نووسینێكدا دەڵێ (كوردەكان بە یەكسانی وەكو عەرەبەكان لە خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا بەشدارییان كرد. دەكرێ لەوە دڵنیابین، كە هەمیشە رەوشەكەیان هاویەكە لەگەڵ



رەوشی بەشە عەرەبییەكەی دانیشتووان). ئەم بۆچوونانە لە هەموو شتێک زیاتر رقی توركیای بەسەر سیستەمی نوێدا دنەدا و هەر لە رۆژەكانی بەرایی تەمەنی سیستەمی نوێ لە عێراقدا لە نزیک سنووری توركیا دەستی بە شەڕ فرۆشتن كرد. رۆژنامەگەریی توركی ئاماژەی بە بەسەربازكردنی پشتیوانان (جاش) كرد بۆ بەرگری لە (بەرژەوەندییەكانی) توركیا لە كەركووک و دەستكرا بە دنەدانی هەندێ لەو هێزە پێوەندیدارانە بە دەزگاكانی ئاسایشەوە بۆ نانەوەی گێروگرفت و ئاژاوە. حكومەتی توركی بە فەرمی رایگەیاند سیاسەتێكی چالاک دەگرێتەبەر بۆ بەرگری كردن لەو بەرژەوەندییانە. بۆیە هەر زووبەزوو ئەو هێزانە دەست بەكار بوون. لە كانوونی ساڵی ١٩٥٩دا لە شارۆچكەی ئاڵتون كۆپری كەوتنە گرفت دروست كردن، لێ بە هاناگەیشتنی بە پەلەی هێزە حكومییەكان و جەماوەری میللی بەدەوردا كۆوە بوو هەر لە ساڵی یەكەمی تەمەنی سیستەمی نوێدا ئەو هەوڵەیان لە باربرد. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بەریتانیا رۆڵی سەرەكیی لە دروست كردنی تراژیدیاكەی كورددا گێڕاو دەیان ساڵی پاش جەنگی یەكەمی جیهانیی تا چەند دەیەیەک كەوتە داپڵۆسینی هەموو بزووتنەوە كوردییەكانی كوردستانی باشوور، كەچی لە پڕ پابەندبوونی خۆی بەرابەر بە كورد هاتەوە یاد، كە لە بەرابەر كۆمەڵەی گەلان لە كاتی خستنە پاڵی ولایەتی مووسڵ بە عێراقەوە بەڵێنی دابوو، بۆیە دەستی بە بەكارهێنانی كاغەزی كورد كرد دژ بە سیستەمی نوێ، بۆ هاتنەدی مەرامەكانی خۆی، كە هیچ پێوەندییەكیان بە كوردو مافە نەتەوەییەكانییەوە نەبوو. بۆ رێگرتن لە بەریتانیا ، لیژنەی ناوەندیی پارتی دیموكراتی كوردستان، كە لەو كاتەدا نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد بوو، نامەیەكی بۆ رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان نارد، تێیدا پشتگیری گەلی كوردی بۆ سیستەمی نوێی عێراق و ئامادەبوونی

Kurdistannet کوردستان نێت

بۆ بەرگری لێ کردنی دووبارەکردەوە. ئەم هەڵوێستەش بۆ هەزارەمین جار ئەو راستییە دەردەخا، کە کێشەی کورد ناتوانرێ دابتاشرێ یا لە دەرەوە بجووڵێنرێ، هەر وەکو چۆن هەندێ ناوەندی شۆڤێنی هەوڵیان داو تا ئێستاش بەو شێوەیە وێنای دەکەن، ئەگەر ئەنگێزی ناوەکیی واقعی نەبێت پاڵ بە کوردەوە بنێت بۆ شۆڕش کردن دژ بە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان، چونکە بەدەر لەو سیاسەتی سەرکوت و چەوسانەوەیەی بەسەر کورددا پیادە دەکراو بەدەر لە بوونی هۆی راستەقینە. ئەگەر سیاسەتی سەرکوت و چەوسانەوەی دژ بە کورد نەبوایا بێ هۆی راستەقینە کە پاڵیان پێوە بنێ بۆ بەرگری کردن لە بوونی نەتەوەیی و کەرامەتی مرۆیی بە خۆڕایی چوویان و وەستان بەرووی حکومەتە چەوسێنەرەکاندا، چەندێک هێزە دەرەکییەکان هەوڵیان بدایا ئەوان ناجووڵان. ئەمەش یەکی لە بەڵگە نەویستەکانی زانستی مێژوو و سیاسەتە، کە دەبێ کەسانی پێوەندیدار لە کاتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ کوردو غەیرە کوردی هاونیشتیمانیان درکی پێ بکەن و لە بەرچاوی بگرن.

ئەوی بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە، هەڵوێستەکانی (کۆمەڵەی تۆران)، کە دەبوو داوای بەشداری سیاسی تورکمان بکات و هاوجووت بێت لەگەڵ هەڵوێستەکانی حکوومەتی تورکی دەرهەق بە کورد. لە بری پێداگرتن لەسەر گۆڕینی دەقی مادەی سێیەم بەشێوەیەک زامنی بەشداریی کەمایەتی تورکمان لە ژیانی سیاسی عێراقدا بکات، هەوادارانی داواکاری هەڵوەشانەوەی ئەو مادەیە و پێویستیی خۆپارێزیی حکوومەت لەبەرابەر داننان بە مافەکانی نەتەوەی کورددا بوون. ئەمە کە ئەمڕۆ دەقاودەق روو دەداتەوە، چونکە لەبری داواکردنی مافەکانی تورکمان جەبهە هەوڵ و توانای تەرخانە بۆ داواکاریی نەدانی مافەکانی گەلی کورد.



ئەم لۆژیکەش سەیرە، مرۆڤ ناتوانێ لە رەهەندەکانی بگات، مەگەر تەنها لە میانەی زانینی هێزە بزوێنەرەکانی و ئەوانەیشی کە لە پشتییەوە خۆیان مەڵاس داوە. کاتی خۆی رۆژنامەگەریی عەرەبی ئاماژەی بەوە کرد کە (رووداوەکانی کەرکووک پیلانێکە ئەمریکا بە هاوپەیمانیی لەگەڵ تورکەکاندا داوەکانی چنیوە بەمەبەستی پچڕینەوەی موسڵ و کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت و لکاندنیان بە تورکیاوە). رووداوەکانی کەرکووکیش ئەڵقەیەک بوون لە زنجیرەی ئەو پیلانانەی لە جووڵانەوەکانی رەشید لۆلان و شەوواف و رێکخراوی تۆران و هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم.

ئامانجی ئەو پیلانانە نوقوم کردنی سیستەمی نوێ بوو لە دەریای پڕ لە تەنگوچەڵەمەو دەست بەسەراگرتن و گەڕاندنەوەی عێراق بۆ ئامێزی بلۆکی رۆژئاوا.

رەوشەکان لە سەرەتای ئاهەنگ گێڕان بەیەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ بەڕوونی ئاماژەیان بۆ مەرامی رێکخراوی تۆران و ئەو هێزانە دەکرد، کە لە پشت رێکخراوەکەوە ئاژاوەیان دەنایەوە.

فەرماندەی تیپی دوو کۆبوونەوەی بە ئەندامانی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکە کرد، کە بریکاری موتەسەڕیف سەرۆکی لیژنەکە بوو. هەروەها نوێنەرانی تیپی دوو و سەرجەم دەستە فەرمی و میللییەکانی تێدا ئەندام بوون. ئەمەش لە رۆژی ١٣ی گەلاوێژی ١٩٥٩دا بوو، ئنجا داوای یارمەتی لێ کردن بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش لە شارەکەدا لە کاتی ئاهەنگ گێڕانە جەماوەرییەکەی تایبەت بە یادی شۆڕش.

سەرجەم رێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان پێکەوە رەزامەندی خۆیان دەربڕی بۆ ئاهەنگ گێڕان و بەمەراسیم و دروشمەکانی ئاهەنگەکە،

بەدەر لە (ڕێکخراوی تۆران)، کە بەشێوەیەکی دەمارگیرانە ڕایگەیاند، بەتەنیا ئاهەنگ دەگێڕێ و بەو شێوازەی خۆی بەباشی دەزانێت، بۆیە وەرگرتنی هەڵوێستی لەم بابەتە و دروشم هەڵدان و بەشان و باڵ هەڵدانی تورکیا و ئەتاتورک لە ژێر سایەی گەشەسەندنی دژایەتی گشتیی گەل دژ بە سیاسەتەکانی تورکیا و پەیمانی سەنتۆو سەروەریی توندڕەویی لە ناوەندی هێزە سیاسییەکانی ناو گۆڕەپانی عێراق، سیمبولی منداڵێتی سیاسی و هەڵنەسەنگاندنی ئەنجامە خراپەکانی گرتە خۆی، دروشم و هەڵوێستی یەکتر بڕ لەگەڵ خواستەکانی ئەوانی دی لە دانیشتووانی شارەکە، بوو.

ڕێکخراوی ناوبراو بۆچوونەکانی خۆی دژ بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و هێزە سیاسییە چەپەکان نەدەشاردەوە لەوەی کە پڕوپاگەندەی دژ بەو هێزانە لە ناوەندی کەمایەتی تورکماندا بڵاودەکردەوەو بۆ کاری دەمارگیری وورووژاندنی ناکۆکییەکان و شێواندن هانی دەدان.

ئەو ڕێکخراوەو هەوادارانی بەو بەڵێنانە فریویان خوارد، کە تورکیا و هاوبەشانی لە پەیمانی سەنتۆ لە ڕێگای کونسوڵگەریی بەریتانیا و ئەمریکاوە پێی دابوون، کە ڕاستەوخۆ لەدوای ڕووداوەکانەوە وەکو ئاماژەیەک بۆ دەست تێوەگلانیان لە هەڵگیرساندنی ئاژاوەکانی ناو کەرکووکدا، هەردووکیان داخران. هەروەها بەپێی هەندێ سەرچاوەی هەواڵگریی بیانی فەرمانگەی پێوەندییەکان لە کۆمپانیای نەوتی عێراق، بڕی ٢٠٠ هەزار دیناری بۆ گەیاندنی کارەکان بەو کۆتاییە پڕ لە کەسەرە، خەرج کردووە. ئەوی ژێر بێت هەرگیز بەو کارە هەڵناسێت، کە ئەو ڕێکخراوە بچووکە کاڵفامە دابڕاوە لە زۆربەی زۆری تورکمان پێی هەڵساوە و لەو باوەڕەدایە بەڕووی ئەو شەپۆلە مرۆییەی بۆ دەربڕینی ئامادەیی داکۆکیکردن لە کۆمارە ساواکەیان بە ڕووی هێزە داگیرکەرو ئەڵقە لە گوێکانیان لە ناوچەکەدا، دەوەستێتەوە.تەنانەت



سەرکێشی بە ڕۆحی هەوادارانییەوە دەکات لە ململانێیەکی هەر لە سەرەتاوە یەکلا بووەوەدا لە چەشنی (حواسم)ەکانی سەدام حوسێن.

بەتایبەت ئەم لایەنە جێی بایەخی نووسەران نەبووە، زیاتریش ئەو نووسەرانەی لە زۆرکاتدا، کە بەرەنگاریی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە دەکەن بەمەبەستی سیاسی یا لەبەر هۆکاری مەیل و سۆز.

ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٩، لە کاتی تێپەڕبوونی خۆپیشاندەران لە شەقامی ناسراوی سینەما ئەتڵەسەوە لە ناوەڕاستی شاردا لەسەربانی ماڵەکانەوە بەدارو بەرد و دروشمی وورووژێنەری دژ بە شیوعییەکان و داواکاری هەڵوەشاندنەوەی مادەی سێیەم لە دەستووری عێراقدا، هێرشیان کرایە سەر و هەندێک تەقەش کرا.

لەو کاتەدا سوپا بڵاوەی بە تورکمانەکان کرد، لە ڕۆژی دواییدا سەر لە نوێ پێکدادان سەری هەڵدایەوە، لە ئەنجامدا ٣٢ کەس کوژران، ٢٨ یان تورکمان و ٤ یان کورد بوون، ماڵوموڵکی گەلێک خێزان بێ جیاوازی تالان کران. ئەم هەڵوێستە توندڕەوە دەرهەق بە مافەکانی نەتەوەی کورد ڕیشەی مێژوویی هەیە... لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی و لە کاتێکدا، کە ئینگلیزەکان بارودۆخەکەیان ئامادە دەکرد، بۆ لاوازکردنی هەڵوێستی کورد لە شارەکەدا، لە ڕێگای بواردان بەدەسەڵاتی پاشماوەی عوسمانییەکان بەسەر بەڕێوەبردن و بازاڕەکەی. ئەمانە (کۆمەڵەی کەرکووک بۆ داکۆکی کردن لە مافەکان)یان پێکهێنا، لە شێوەی کۆمەڵەکانی داکۆکی کردن لە مافەکانی ولایەتەکان، لە ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا)، کە بە پاڵ فەرمانبەرە عوسمانییە سەربازی و مەدەنییەکانەوە ژمارەیەک لە دەم سپی و مڵکدارە مەراییکەرە کوردەکانی گرتە خۆ، ئەوانەی بەرژەوەندییان تێکەڵ بە بەرژەوەندی عوسمانییەکان بووبوو. ئەم کۆمەڵەیە ترسی خۆی لە نزیک بوونەوەی حکوومەتی کەمالی و حکوومەتی شێخ مەحموودی حەفید لە

Kurdistannet کوردستان نێت

سلێمانی و دانپێدانانی یەکەم بە دووەم، دەردەبڕی.

عەلی شەفیق ئەفسەری تورکیی ناسراو بە ئۆزدەمیر ئەرکی گەڕانەوەی کوردستانی باشووری پێ سپێررابوو بۆ ژێر دەسەڵاتی تورک و گەیاندنی ئەم ترس و نیگەرانییانە بە تورکیا و وەڵام گێڕانەوە بۆ دڵنیایی کردنەوەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە، کە حکوومەتی ئەنقەرە ئامادە نییە پشتیوانی لە داخوازییەکانی شێخ مەحموود بکات و بەبایەخەوە نەڕوانێتە پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتدا، سەرەڕای بەستنی رێکەوتننامەی دانپێدانان و هاوکاری بەڵکو بەرگری هاوبەشیش لەگەڵ ئەمی دواییان بکات.

ئۆزدەمیر پاشماوەکانی عوسمانی لە شارەکەدا دڵنیا کردەوە، بەوەی کارەکە جگە لە هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە پایەی شێخ مەحموود و هەڵوێستی کورد دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیز، وەک دەروازەیەک بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکە.

سیاسەتی تورکی لە هەمبەر بەویلایەتی موسڵ ئەوساو ئێستاش لە گوتەکانی مستەفا کەمالەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە گەرمەی کێشەی موسڵ دووپاتی دەکردەوە، پێی لەسەر ئەوە داگرتووە و گوتوویەتی **(موسڵ تورکییە و تەنانەت بەزەبری رمیش ناتوانن ئەمە بگۆڕن. ئێمە سەرپاکی ولایەتەکەی پێشوومان دەوێتەوە کە بەسەر کەناری دیجلەوەیە.**

**بەلاشمانەوە گرنگ نییە لە ژێر ماندێتدا بێت یان نا، هەرگیز دەستبەرداری ئەم هەڵوێستەشمان نابین).**

دەکرێ هەمان شت دەربارەی هەڵوێستی مامۆستایانی تورکمان دەرهەق بە هەوڵی کورد راستەوخۆ پاش شۆڕشی تەمموز بۆ دامەزراندنی دایەرەی مەعارفی کوردستان لە کەرکووک بگوترێ. ئەوان بە ناوی دەستەی سەندیکای مامۆستایانی کەرکووکەوە، کە بەلیستی جەبهەی



قەومی (ئەو لیستە لە بەعسی و نەتەوەپەرستە تورکمانەکان پێک هاتبوو) سەرکەوتنیان بە دەست هێنابوو، سەردانی نازم تەبەقچەلی فەرماندەی تیپی دوویان کرد. ئا لەو کاتەدا مامۆستایانی کورد دەنگ و رەنگیان نەبوو، ئەوانیش داوایان لە فەرماندەی تیپی دوو کرد هەوڵ بدات قەناعەت بەدەسەلاتی بالا بهێنێ تا دژ بە هەوڵی دامەزراندنی دایەرەی مەعارفی کوردستان بوەستێ. دووریش نییە کە خودی فەرماندەی تیپەکەو هێزولایەنی توندڕەوی نەتەوەپەرست، کە دژایەتی کردنی مافەنەتەوەییەکانی کورد کۆی دەکردنەوە، لە پشتەوەی رێکخستنی ئەو شانۆگەرییەوەبن. دەتوانم بڵێم هەڵوێستەکانی (رێکخراوی تۆران) و جەبهە تورکمانییەکەی ئێستا بەڕادەیەکی زۆر لە یەک دەچن، کە زۆرترین توانای دەخاتە گەڕ لە پێناو رێگرتن لەوەدی هاتنی مافی نەتەوەیی کورد بە گشتی و مافی کوردی پارێزگای کەرکووک بە تایبەتی، لەبری ئەوەی ئەو کارو توانایە لە پێناو مافی نەتەوەیی تورکماندا بە خەرج بدات.

تانهۆش هەندێ گرووپی سیاسیی تورکمان هەمان رێبازی چەوت و زیانبەخش دەگرنە بەر. دەگەڕێمەوە سەر ئەو وتە کوردییەی کە ئاماژە بەوە دەکات، گەر ئەوان لە نێوان پیادەکردنی مافی نەتەوەیی خۆیان و کورد لەلایەک و بێبەشبوونی هەردوولایان لەو مافانە، لەلایەکی دییەوە، سەرپشک بکرێن، ئەوان حاڵەتی دووەم هەڵدەبژێرن. هۆکار گەلێک یاریدەدەر بوون تا بازنەی پشێوی و تۆڵەسەندنەوە لە دوو رۆژی دواتردا فراوانتر بێ، لە نێویاندا ئەو خۆسازدانە سیاسییە توندڕەوانەی گشت رەوتە سیاسییەکاراکانی ئەو سەردەمەی عێراق پێی هەڵسان. هەروەها لە شوێنە کوردنشینەکانی شاریشدا پروپاگەندە بڵاوکرایەوە، گوایا ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردبوو، کوژران.

Kurdistannet کوردستان نێت

هەروەها نابێ راستیی ئەورِقەی لە دەروونی دانیشتووانی گەرِەکە هەژار نشینەکان بە دوور بگرین، کە بەرابەر هەڵسوکەوتی دەزگاکانی دەوڵەت هەیان بوو، ئەو دەزگایانە فەرمانبەرانی تورکمان لەوانەی هەڵگری بیرو بۆچوونی رێکخراوی تۆران بوون، لەو دەزگایانە بالاّ دەست بوون و بە یەک چاو تەماشای هەموو گەرِەکەکانی شاریان نەدەکرد، بە ئەنقەست گەرِەکە کوردییەکانیان لە هەموو خزمەتگوزارییەکی پێویست بێبەش دەکرد، سەرباری ئەوەی فەرمانبەرانی ئەو دەزگایانە بەزبری و لووت بەرزییەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کوردی شارەکەدا دەکرد. زۆر لە دانیشتووانی گەرِەکی شۆریجەی کوردنشین سەردانی سەرۆک شارەوانییەکی تورکمانیان وەبیر دێتەوە، کە هاتە گەرِەکەکەیان و ئەوان داوایان لێکرد گرفتی کەمئاوییان بۆ چارەسەر بکات، کە تائێستا و لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زاینیدا لەو گرفتە رزگاریان نەبووە. وەلاّمەکەی سەرۆکی شارەوانی بەڵگەی گەمژەیی بەرپرس بوو لە دەوڵەتی بێ یاسادا. ئەو سەرۆک شارەوانییە کەمئاویی گەرِەکەکەی گەرِاندەوە بۆ ئەوە، کە خەڵکی ئەو گەرِەکە پیاز زۆر دەخۆن و پیازیش ئاوکێشە! بۆیە ئاوی خواردنەوە بەشیان ناکات! بروانن لەم گەمژەییە؟ هەروەها بۆرژوای بازرگانی تورکمان لە نێو شاری کەرکووک بەری رەنجی ساڵانەی جووتیار و گوندنشینانی کوردیان بەشێوازی نادروست دەدزی، زۆر جار ئەم شتە هاندەرێک بوو بۆ زیاد بوونی رق و کینەی جووتیار و رەنجدەرانی کورد بەرابەر بەکەسانی سەر بەو چینەو ئامادەبوونیان بۆ بەشداری کردن لە هەر کردەیەک دژ بە ئەوان بێت.

بۆیە قسە کردن دەربارەی رووداوەکانی کەرکووک لە تەمموزی ١٩٥٩، پێویست دەکات مرۆڤ لێکۆڵینەوەی قووڵی لەسەر بکات و گشت ئەو هۆکارە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتییانەی بەشداربوون



لە خەمڵاندنی ئەو رووداوانە لە چوارچێوەی شوێنکاتی مێژوویی خۆیاندا دیاری بکات.

خۆ ئەگەر هەوڵی دڵسوزانەی پیاو ماقووڵانی ناسراوی شارو توێژی هۆشیاری کورد لەنێو سوپاو حزبە سیاسی و رێکخراوە جەماوەرییەکان نەبووایە، بۆ رێگرتن لە هاتنی گوندنشین و رۆڵەی هۆزە کوردەکانی دەوروبەری شار لە ١٥ی تەمموزی ١٩٥٩ بۆ نێو شارو کارکردنیان لە پێناو هێور کردنەوەی بارودۆخەکە، ئەو کات زۆر بەزەحمەت رەوشەکە کۆنترۆڵ دەکرا و قەبارەی زەرەرو زیانەکانیش زۆر زیاتر دەبوو و کارەساتی گەورەشی بەدواوە دەبوو.

گەلێ تورکمانی بە ئینساف ئەوەیان لەبیرە، کە ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادە کوردەکان دەستی یارمەتییان بۆ ئەو خانەوادە تۆمەتبارانەی تورکمان درێژکردو وێرِای ئەو مەترسییانەی لەم جۆرەکارانەدا چاوەرِوان دەکرا، بۆ چەندین رۆژ هەوڵی شاردنەوەو دالّدەدانی رۆڵەکانیان دا.

ستایش کردنی تورکیا و سیاسەتەکانی لەلایەن رێکخراوە تورکمانییەکانەوە، هەڵوێستێکە بەحەق نیشانەی کورت بینییەکی گەورەی سیاسی و لەلایەکی دییەوە وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵکانی دیی دانیشتووانی کەرکووک بوو. کورد و عەرەب و ئاسووری و ئەرمەن گەلێ یادگاری تاڵیان دەربارەی سەردەمی تورک و سەرکوت کردن و ئەو قەتڵوعامەی دەسەلاّتی تورک دژ بەو گەلانە پیادەی دەکرد، لە بیرە جگە لە هەڵوێستی دژبەری تورکیا بەرابەر بە رژێمی تازەی لای خەڵک خۆشەویستی تەممەن یەک ساڵە.

هاوبەندیی ئەو هەڵوێستەی تورکیا لەگەڵ هەڵوێستی کۆڵۆنیالی رۆژئاوا بەرابەر بە شۆرِش و سەرکردایەتییەکەی، بەس بوون بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵک دژ بە تورکیا و لایەنگرانی.

زۆر سەرچاوەی جیاجیا جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە ژمارەی

کوژراوەکان ٣٢ کەس بوون، برینداریش ١٣٠ کەس، هەروەها ٧٠ دوکان و کۆگای بازرگانیش تالان کران. ئەم رووداوە بووە ئەفسانەیەک و تاکو ئەم کاتەش بووەتە خۆراکی هێزە توندڕەو و تاریک پەرستەکان بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان کورد و تورکمان لە کەرکووک و شوێنانی دیش ژەهراوی بکەن.

بەپشت بەستن بەو رق و تۆمەتە هەڵبەستراوانە، چەندین باندی تاوانکار کوردیان کردە ئامانج و گەیشتە ئەو رادەیەی بە رۆژی رووناک تیزابیان بە دەموچاوی خەڵکی بێ تاواندا دەکرد. غەریزەی ئاژەڵی ئەو تاقمە وای لێ کردن بە درێژایی چەند دەیەی رابردوو تێکەڵ بە تاوان و کەتنەکانی حەرەس قەومی و حزبی بەعس و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ببن. ئەو تاقمە خۆی کردە هاوپەیمانی هەر کەسێک کە ئالای دژایەتی کردنی کوردی هەڵکردبێ. هەر لە ئیبراهیم فەیسەڵی ئەنساریی فەرماندەی تیپی دووەوە، بیگرە تا دەگاتە سەدام حوسێن. ئەنساری لە پەنای تێکدانی گەڕەکێکی هەژارنشینی کوردەوە بوو، کە هەزاران هەژارو زەحمەتکێشی لەخۆ گرتبوو. هەروەها هەموو هەوڵێکی خۆی خستە گەڕ تا دەستەبژێرێک لە رۆشنبیر و تەکنۆکراتی کورد (٢٨ کەس بوون لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا لە سێدارە بدرێن. دەسەڵاتی بەعس تەرمەکانیانی لە گەڕەکە تورکمان نشینەکاندا هەڵواسی. دیمەنەکانی شێواندنی چوار تەرمی ئەمریکی لە فەلووجە، ئەو رۆژگارەی هێنایەوە یاد، کە ژمارەیەک شەقاوەی تورکمان هەمان کردەوەی درندانەیان دەرهەق بە شەهیدانی بزاڤی نیشتمانی عێراق و کورد نواند. چەند شایەد عەیانێک، کە تا ئێستا لە ژیاندا ماون دەگێڕنەوە، قەسابێکی چەقۆکێش لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕناو هەڵهەلەی ژناندا، سکی هەڵواسراوەکانی هەڵدەدڕی. ئەم ( دیمەنە ئاهەنگ ئامێزە!) نیشانەیەکی دی درندایەتیی ئەوانەیە کە هەڵگری بیرو باوەڕی نەتەوە



پەرستی دەمارگیرییان هەیە.

لە گوتارەکەی جەبهەی تورکمانی دەردەکەوێ هەڵگری هەمان چەمک و بۆچوونە. وەکو ئەوەی مێژوو بەلای ئەوەوە لە دیمەنی ئەو حوزەیرانە شوومەدا وەستابێ، کاتێ کە تەرمی شاعیرو رۆشبیری کورد و سەرۆک شارەوانیی پێشووی کەرکووک مارف بەرزنجیی و هاوەڵانی بێتاوان لە و تۆمەتانەی بە ناڕەوا درانە پاڵیان، هەڵواسران. کەس باوەڕی بەوە نەدەکرد، تەنانەت ئەوانەی تۆمەتەکانیشیان هەڵبەستبوو، پارێزەرو شاعیر و ئەندازیارانێک، کە پلە و پایەی دیاریان لە نێو کۆمەڵ و پایەی بەرزیان لە دەزگا ئیداری و رۆشنبیریی و سیاسییەکاندا هەبوو، لە عێراقی پەنجاکاندا دەتوانن ئاشووب بنێنەوە و نەیارانی سیاسی خۆیان بکوژن و تالانیان بکەن و بە شەقامەکاندا رایان بکێشن.

لە سێدارەدانی ئەو پێشەنگانە بەو ئامانجە بوو کورد بتۆقێنن و رۆشنبیرو پیاو ماقووڵانی کورد ناچار بکەن کەرکووک جێ بهێڵن و کوردی کەرکووک لەسەرکردایەتییەکی کارای سیاسی و رۆشبیریی و کۆمەڵایەتی بێبەش بکەن. لەو ماوەیەدا کوردی کەرکووک چەند قاتی ئەوانەی لە رووداوەکانی تەمووزی ١٩٥٩دا گیانیان لە دەستدا، رۆڵەیان لە دەست دا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە جەبهە هێشتا هاوار دەکات کوا هی دیکە؟ ئەم رێکخراوە کاریکاتێرییە منداڵی بچووک کۆ دەکاتەوەو نیشانەی گورگە بۆری تورک بەرز دەکەنەوە (نیشانەکە تایبەتە بە حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی فاشی لە تورکیا). وا دیارە جەبهە هەست بەوە ناکات، زۆربەی تورک ئێستا بەرابەر بەوە شەرم دەیانگرێ. پاشان جەبهە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی پێمان بڵێ ئەو داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و هەر بە تەنیا خۆی ئالای عێراق بەرز دەکاتەوە(مەبەستیشی ئالای بەعس و ئەڵلاهو ئەکبەرەکەی سەدامە).

هەر وەکو وتم تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی پاک و دادوەرانە نەکراوە، تاهەموو کێشمەکێشمی پێوەندیدار بەو رووداوە دڵتەزێنانە ئاشکرا بکات. هەروەها هۆکارو ئەو هێزانەی لە پشتییەوە بوون و ئەو ئاکامانەی لەو رووداوانەدا کەوتنەوە، لەلایەن هەندێ لایەنی تورکمانییەوە بۆ گەیشتن بە هەندێ مەبەست بەکاردێت، کە هیچ پێوەندییان بەداکۆکی کردن لە قوربانییەکانیانەوە نییە. وا دیارە لایەنێن جۆربەجۆر نەیانتوانیوە پەندو عیبرەت لەو رووداوانە وەربگرن و کار بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی بکەن و رێ لە ئەگەری دووبارە بوونەوەی لەدوا رۆژدا بگرن.

بەپشت بەستن بەو ئاکامە تاڵانەی ئەزموونەکانی رابردوو، کە پریشکی بەرهەموو لایەنەکان کەوت، دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێت، کە پێوەندییەکی نوێ لە نێوان پێکهاتە ئیتنییەکانی عێراقدا دابڕێژرێت. دوور لە پێداچوونەوەیەکی گەرموگوڕو راستگۆییانەی هەموو لایەنەکان، کە بەگشت هەڵوێستەکانی رابردوویان و بڕوایان بەرابەر بەوی دی بچنەوە، هیچ هیوایەکی سەرکەوتن لە دارشتنەوەی پێوەندییەکی تازەدا نییە. هێندەی پەیوەست بێت بە پێوەندیی نێوان کوردو تورکمان. دەکرێ ئەم هەنگاوانە پێشنیار بکرێن وەک بەراییەک بۆ دارشتنی پێوەندییەکی نوێ.

رۆشنبیر و ئەو هێزە سیاسییانەی بەڕاستی نوێنەرایەتیی هەردوو لا دەکەن، دەبێ دیالۆگێکی روون و شارستانی دەست پێ بکەن، دیالۆگێک پشت بە بنەماکانی جوگرافیاو مێژوو ببەستێت و وەهم و ئەفسانەو دەستی دەرەکی لە ئەجینداکەی دوور بخاتەوە، هەروەها پێویستە حکوومەتی هەڵبژێردراوی عێراقیش بۆ یەکجارەکی واز لە بیرۆکەی ورووژاندنی نەتەوەکان دژ بە یەکدی بهێنێت و هەوڵ نەدات رەگەزێک بۆ هاوسەنگیی نێوان هەردوو نەتەوە سەرەکییەکە بدۆزێتەوە،



یا یاری بەژێی ناکۆکییەکان بکات و هەوڵی قووڵکردنەوەیان بدات.

پێویستە کورد و خەڵکی دیش لەو سەرکوت و ئەتکەی دەرهەق بە تورکمان کرا لە تەممووزی ١٩٥٩دا و ئەو تیرۆرەی لە ساڵانی دواتردا دەرهەق بە کورد کرا، مەحکوم بکەن، هەروەها داوای لێکۆڵینەوەیەکی بێگەرد و دادوەرانەش بکەن بۆ ناسینی ئەوانەی بوونە هۆی ئەو رووداوانە. ئاساییە کە جۆرە دیالۆگێکی وا پێویستی بەوەیە هەندێ گرووپی سیاسی تورکمان واز لە دژایەتی کردنی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە عێراق و شوێنانی دیش بهێنن و کادیرانیان بە رۆحیەتێکی نوێ پەروەردە بکەن و لە شێواندنی ئەو راستییانەی پێوەندییان بە کەمینەی تورکمان و ئەو شوێنانەی تێیدا نیشتەجێیە و خواستە نەتەوەییەکانیشیان بە شێوەیەکی واقعی دیاری بکەن.

پێویستە بۆ یەکجارەکیش واز لە پشت بەستن بە تورکیا بهێنن، چونکە ئەم شتە تەنیا نا ئارامی و کارەساتی زۆرتر بەدوای خۆیدا دێنێ.

کورد بە درێژایی هەشتا ساڵی رەبەق بەرەنگاری حکوومەتە یەک لەداوای یەکەکانی عێراق بووەتەوەو هەموو ئامرازەکانی جینۆساید نەیانتوانی مل بۆ زوڵم و ملهوڕی پێ کەچ بکەن. بەهیچ رۆڵێکی تورکیاو خواستە رەگەز پەرستییەکانی لە کوردستان و عێراقدا قایل نابێت.

نەتەوەی گەورە، کە لە ئاستی عێراقدا نەتەوەی عەرەبە و لە ئاستی کوردستانیشدا نەتەوەی کوردە، بەرپرسایەتییەکی مێژووییانەی لە ئەستۆ دایە سەبارەت بە دڵنیا کردنەوەی نەتەوە بچووکەکان، کە لە هەر هەنگاوێکی ئەوان ترس و نیگەرانییەکی زۆر دایان دەگرێت، بە تایبەت لە ناوچەکەی ئێمەدا، کە گەلێ کارەسات و ململانێی نەتەوەیی و شاڵاوی جینۆسایدو پاکتاوی رەگەزی و هی دیشی بەخۆوە دیوە، کە لە

Kurdistannet کوردستان نێت

پێوەندیی گەلانی ناوچەکە لەگەڵ یەکدیدا، جۆرێک لەترس و گومان و دڵە راوکێی ناوەتەوە.

بەپێی ئەو بنەمایانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دەبێ بە تەنگەوەبێین و کار بۆ دامەزراندنی بناغەی پێوەندییەکی بەتین لە نێوان گەل و نەتەوەکاندا بکەین و پشت بەگیانی پێکەوە ژیان و هاوکاری و نەهێشتنی رق و کینە لە فەرهەنگی پێوەندی گەلان ببەستن، تایبەت ئەو گەلانەی لەسەر یەک خاکدا دەژین و پێوەندیی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییان هەیە.

پێویستە هەموان دەست بە لاپەڕە گەشەکانی مێژووەوە بگرین کە باس لە پێوەندی و تێکەڵی و باشی نێوان کورد و تورکمان دەکەن، وازیش لە تەنیا یەک لاپەڕەی شێواو بهێنن، کە رووداوی دڵتەزین ناشرینی کردووەو زیانی بە هەموان گەیاندووە. لە چارەنووسمان نووسراوە لەو جوگرافیا هاوبەشەدا بژین و دەبێ لەو خاڵە زۆرە هاوبەشانە بگەڕێین کۆمان دەکەنەوە. هەروەها پێویستە گۆشە تاریکەکانی مێژوو پشتگوێ بخەین، کە دەبنە مایەی شەڕو ناکۆکیمان، کەس سوود لەوانە نابینێ، بەڵکو هەموومان هەر یەکەو بە ئەندازەیەک لێی زەرەرمەند دەبین.

کەس بۆی ناکرێت خۆشگوزەران بێت لە کاتێکدا کەسانی دی گوزەرانێکی سەخت بەرێ بکەن. رووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق زۆر بەروونی ئەو راستییەیان دووپات کردەوە، بەرژەوەندی کەمینەی تورکمان لە بانگەشەیەکدایە بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ کورد و عەرەب و ئەوانی دی، هەروەها، دژایەتی کردنی بیرۆکی سەیرو توندڕەوانە، کە هەوڵ دەدەن رەوشەکە بەرەو قەیران و نائارامی بەرن.

کەس ناتوانێ جوگرافیاکەی بەرەو شوێنێکی دی دنیا بگوازێتەوە. بەگشتی پێوەندیی نێوان کورد و تورکمان باش بوو، هەندێ قەیرانی



کورتی تێ کەوتووە، کە زادەی ترسێکی بێ پاساوی کەمینەی تورکمانە لە هیواو ئاواتە رەواکانی گەلی کورد.

هەندێ رێکخراوی سیاسی کە زۆر جار لە جەماوەری فراوانی تورکمان دابڕاون، دروشمی ناواقعییان بەرزکردەوەو بوونە هۆی ئەوەی درزێک بخەنە نێوان تورکمان و کوردەوە. ئەو دروشمانە و خاوەنەکانیان بوونە بەشێک لەرابردوو.

بە کورتی بزاڤی تورکمان دەبێ ببێتە بزاڤێکی ئەوتۆ، کە گوزارشت لە ئاواتەکانی تورکمانی عێراق بکات. لە چوارچێوەی راستییەکانی جوگرافیا و مێژوو، نەک بزاڤێک بێت بە هەڵەداوان بە دوای وەهم و یۆتۆپیایەکدا را بکات، کە نەخۆی و نە ئەوانەی لە پشتییەوە وەستاون ناتوانن بەشی هەرەکەمی بەدی بهێنن. هەروەها پێویستە ئەو بزاڤە کار بۆ نوێنەرایەتی کردنی جەماوەری تورکمان و گوزارشت لە ئامانجە رەواکانی بکات. هەروەها لە تەک بزاڤەکانی رزگاریخوازی جیهاندا بوەستێ و لە تەک چەوساواندا بن لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە، نەک داکۆکی لە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی حکومەتی تورکیا دژ بە گەلی کورد لەو وڵاتەدا بکات، پرس و ئازادی گەلان و مافەکانیان یەکەو جیاناکرێنەوە، ناکرێت لەلایەک داوای مافی نەتەوەیی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بکەین، لەلایەکی دیشەوە لەگەڵ هێزە رەگەزپەرست و سەرکوتگەرانی خواستی گەلاندا بوەستین.

# ناوەڕۆک

* پێشەکی.................................................٣
* پیشاندانی جەبهە لە میدیای عرووبەویدا..............١٦
* جەبهە هەمیشە گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو دەکات.............٣٥
* جەبهە و درۆی کورداندنی کەرکووک.................٤٦
* جەبهەی تورکمانی و بەیت و بالۆرەی هەراکەی کەرکووک.......٥٩



# سوپاس و پێزانین

* بارتەقای وشەکانی نێو کتێبەکە سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ برای دڵسۆزو ماندوونەناس کاکە «حەمە سەعید زەنگنە» دەردەبڕم، ئەگەر هەوڵ و ماندووبوونی ئەو نەبوایە ئەم کتێبە رووناکی چاپی نەدەبینی.
* بۆ نووسەری دەست رەنگین و دڵ فراوان کاک «تاریق کارێزی» کە رووی لێنام چەند ئەڵقەیەکی بۆ رۆژنامەی «باسەڕە» لێ وەربگێڕم، ئیدی ئەو چەند ئەڵقەیە بوونە هەوێنی کتێبەکە.
* بۆ شاعیرو هونەرمەند «فەهد شوانی» بۆ ئەو ماندووبوونەی و دەست رەنگینییەی چۆڕاندۆتییە کتێبەکەوە.